لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:
- چەقۆکێشە هێرش بەرەکان بۆسەر غالب محەمەد کێن؟...............ل3
- تەنها بە خەباتی یەکگرتوانە فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەڕوخێت.....ل5
- ستانداردەکانی دادگایی کردن لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە...ل6

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی چوارەم ژمارە(93) بەرواری 1-3-2021 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

# لەیادی ٣٠ ساڵەی ڕاپەڕیندا، ڕاماڵینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو!



ئەم ڕۆژانە ٣٠ ساڵ بەسەر خرۆشان و راپەرینی جەماوەری کوردستان، بەدژی دەسەلاتی رەشی بەعسدا، تێدەپەڕێت.

٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا، سەرەتا خەڵکی خواروی عیراق و پاشان کوردستان، لە ناوجەرگەی شەرو ملهوری نواندنی ئەمریکاو غەربدا، بەدژی دەسەلاتی رەشی بەعس هەستان و راپەرین. لە ئاکامی ئەم ڕاپەرینەدا بەعس لە کوردستان وەدەرنراو بارگەو بنەی هیزە سەربازی و ئەمنیەکانی پێچرانەوەو دەسەلاتی رەشی هەڵپێچرا.

هیواو ئامانجی خواستی خەڵکی کوردستان، لەم ڕاپەرینەدا، دەست راگەیشتنیان بوو بە ئازادی و ئازادییەکان و بەتایبەتیش ئازادی سیاسی و رزگاربوون لەدەست زوڵمی نەتەوایەتی...

بەعس راونرا و دەسەلاتی سیاسی لە چوارچێوەی سیاسەت و نەخشەی ئەمریکادا، سپێردرا بە هیزەکانی بۆرژوازی کورد، بەدیاریکراویش بە پارتی و یەکێتی. دیارە پارتی و یەکێتی زۆر پێشتر و لەگەڵ دەسپێکی ئەزمەی کەنداودا، هەموو ئومێدی خۆیان بە جەنگی ئەمریکا و

بۆ لاپەڕە 2



## سەرانی دەسەڵات تاوانبارن و دەبێت دادگای بکرێن نەك ئەوانەی داوای مافی خۆیان دەکەن

نووسینی: مستەفا باهیر

سێ دەیەیە دوو حزبی ناسیۆنالیستی کوردی بەهاوکاری حزبە ئیسلامیەکان و بەهێزی چەک خۆیان سەپاندوە بەسەر خەڵکی کوردستانداو بوون بە دەسەڵاتدار تیایدا. لە ماوەی دەسەڵاتیاندا گەورەترین کارەساتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناوە، جگە لە بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی کوردستان و دروستکردنی شەڕی ناوخۆی و هێنانی سوپای بێگانە و نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەک ..هتد. ئێستاش کەوتونەتە بڕینی موچەو قوتی خەڵکی و هەرکەسیش دەنگ بەرزکاتەوە بەسەرکوت و...

بۆ لاپەڕە 3



## هەشتی مارس دەرفەتێك بۆ خۆ ئابدەیت کردنەوەی ژنانی یەکسانیخواز

نووسین: هەناو عەبدوڵاهی

مێژووی ڕۆژی جیهانی ژن هاوکاتە لەگەڵ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جنسی و چەوسانەوەی چینایەتی. ئەم ڕۆژە ڕۆژی هاوپشتییە بۆ خەبات لەپێناو بەدیهێنانی مافی یەکسان بەرابەر و هەلومەرجی باشتر لە ژیانی ژناندا. هۆکاری دیاریکردنی ڕۆژی هەشتی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن، یاد کردنەوەیە لە بیرەوەری خەباتی ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنینی شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٧ زایینی. مێژووی دیاریکردنی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٠ی زایینی، کە لە شاری ”کۆپێنهاگ”ی وڵاتی دانیمارک،

بۆ لاپەڕە 4



## شانۆی گاڵتەجاڕانەی پەچە بەسەر ئەندێشەی کچانی هەڵەبجە!

نووسینی: هەژیر نینا

جارێکی تر ئیسلامی سیاسی بە هاوکاری و هاوبیری دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق (شاری هەڵەبجە) دیاردەی قێزەونی باڵاپۆشی بەسەر کچانێکدا، کە لە حالێکدا بیری پێشکەوتنخوازی مافی هەڵبژاردنی چۆن ژیانکردن لەناو تاکی کۆمەڵگەدا رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ و مرۆڤی ئەورۆیی خوی لە دونیایکی ئازاد و یەکساندا دەبینێتەوە کە مافی تاک دەبێت لەهەر روویەکەوە پارێزراو بێت.

وا دیارە لەم هەرێمە، ئەندێشە چەق بەستوەکان ململانێ لەگەڵ تاکدا چوونەتە /

بۆ لاپەڕە 11

لەوەڵام بە پرسیارێکی ماڵپەری ئەلتەرناتیڤی شوراییدا، سەبارەت بە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و دادگایی گیراوەکانی بادینان...ل10



## دۆسیەی ژمارە“ ٣٠ ساڵ بەسەر ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شوراییدا“

گۆران عەبدوڵا بەرپرسی ماڵپەری دەنگەکان، لە ٣٠ هەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شورایی بۆ بۆپێشەوە دەدوێت...ل12

ل 7



پرسی

ل 8-9

گۆشەی ئەدەب و هونەر

## درێژەی وتەی ژمارە

سیاسەتەکانیەوە گرێدابوو، تا لەدوای روخاندنی بەعسدا، خەونی بەشداری دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغداد بۆ برەخسێت و فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانیش بگرنە دەست.

بۆ ئەمریکا و غەرب، سپاردنی دەسەڵات بە پارتی و یەکیتی کە گوێ لە مستی خۆیان بوو، پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو... یەکیک لەو پلانانەی کە دەبوو پارتی و یەکێتی جێ بەجێی بکەن، داسەپاندنی سەرکوت و لەباربردنی خەون و خولیاکانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ئازادی و خۆشبەختی و بەدیاریکراویش پاشەکشەپێکردن بەو رەوت و هێڵە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازە بوو، کە هەوڵی دەدا نەریتیکی نوی لە خەبات و مەیدانداری بزوتنەوەیەکی تر، بکاتە جێگرەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست و ریکخراو و گروپەکانیان، کەپێشتر بە شێوەی نهێنی خەریکی هەڵسوڕان و کاری ڕێکخراوەیی بوون، لەسەرەتای ئەزمەی کەنداوەوە ئامادەکاریان بۆ سازدانی جەماوەر و ڕاپەڕین دەکرد، رۆڵیشیان لە سازدانی کۆمیتەکانی راپەرێندا هەبوو، بەر لەهێزەکانی بەرەی کوردستانی لەشارەکاندا بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا، ڕابەرایەتی چەخماغەدانی ڕاپەرینیان کرد و پاشانیش بزوتنەوەی شورایان وەرێخست. شوراکانیان لە زوربەی کارگە و کارخانەکان و ناوەندەکان و گەرەکەکان لەشاری هەولێر و سلێمانی پێکهێنا، ئەم رواداو و دیاردە نوێیە، پەیامێکی تەکاندەر بە هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوکات مایەی نیگەرانی ئەمریکا و غەرب بوو.

سەرباری هەر نارۆشنی و کەموکورتیەک کە کۆمۆنیستەکان و شوراکان هەیان بوو، تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەش کە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا، ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشن نەبوو، بە تەواوەتی خۆی لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد جیانەکردبووە، بەڵام توانی مۆری خۆی بدات لە روادوەکانی ئەو کاتەو بۆ یەکەمین جار، پێی نایە ناو بەرامبەرکێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ بزوتنەوەی زاڵ لە مێژووی سیاسی کوردستاندا.

بزوتنەوەی شورایی و رۆڵی کرێکاران و لاوان و ژنان تیاییدا، وە بەهێنانە گۆڕی ئەلگۆیەکی تری بەڕێوەبردن، توانی بۆیەکەمین جار، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی توشی ڕاچەنین و ترس بکات و هاوکاتیش نەخشەی رووبەڕووبوونەوەی بۆ بکێشێت....

بزوتنەوەی شورایی، جوانترین دیمەن و دیاردەی ناو تاریکستانی جەنگ و ملهوری ئەمریکا و ئەو کەش تەواو کۆنەپەرستانە زاڵە بوو، کە وێنەی جۆرج بۆش بەرز رادەگیرا و سوپای ئەمریکا وەکو فریاد رەس دەخرایە ڕوو.... بوونی بزوتنەوەی شورایی لەکەشی جەنگی و کۆنەپەرستانەی ئەو کاتەدا، کە بریار بوو دنیا لە ڕیگایەوە ئابدیت بکریتەوە و دوبارە پێناسەی باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهانی دوای دارمانی سۆشیالیزمی بۆرژوایی دا، بکرێتەوە، هەرگیز ناتوانرێت وەکو دیاردەیەکی ئومێد بەخش لە یادەوەری چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بسرێتەوە.

بەڵام بەو هۆیەوە کە ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری ١٩٩١، نە بەرهەمی خەباتی لە پێشتری شاری چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو نەحاسڵی چوونە پیشی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بوو، نەیتوانی ئامانجێکی جیاواز لەوەی ئەمریکا و غەرب و بزوتنەوەی کوردایەتی بەدوایەوە بوو، بەدی بهێنێت.

زاڵ بوونی ئاسۆی ناسیونالیستی و ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکا و غەرب و خۆشباوەری بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، خرۆشان و راپەرینی خەڵکی کوردستانی لە پێناو خەون و خولیا ڕەواکانیدا بەشوێنێک نەگەیاند... ناتوانایی بزوتنەوەی شورایش بۆ بەرگری لە شوراکان و خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و خۆشبەختی و دامەزراندنی جۆرێکی تر لەدەسەڵات... شانسی داسەپاندنی دەسەڵاتی بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کە دەسەڵاتی خۆیان دابسەپێنن و بە زۆری چەکیش شوراکان دابخەن و پاشەکشە بە رۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان تازە کارەکان لە مەیدانی بەرامبەرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بکەن.

بەدەسەڵات گەیشتنی حزبەکانی کوردایەتی، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتای داسەپاندنی دەسەڵاتیان، نەک نەیتوانی کەمترین ئازادی و خۆشبەختی و مافە هەرەسەرەتاییەکانی ئینسانی کورد زامن بکات، بەڵکو دەست ڕاگەیشتن بە نان و ئاو و کارەبا و موچە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانیشی کردە ئاوات و خولیایەکی سەختی وەدی نەهاتوو... دزی و تاڵانی ئاشکرای سیستماتیک کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرسی سیاسی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی بە کەوتنی ڕژێمی بەعس، کۆتایی پێهات و چیتر خەڵکی کوردستان پلە دوو نەمان و زوڵمی قەومیان لەسەر نەما، بەڵام ئەم پرسە هیچ وەڵامیکی یەکجارەکی وەرنەگرتەوە و فیدرالیزمی قەومی بووە منداڵدانی بەرامبەرکێیەکی نوێ، کە هەمیشە خەڵکی کوردستانی لە دڵەراوکێی ململانێی نیوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمدا راگرتووە و سایەی دوبارە زوڵمی قەومیش هەر ماوە.

ئێستا نزیک بە سی ساڵە، کە نزیکە بە مێژووی دەسەڵاتدارێتی بەعس، خەڵکی کوردستان رووبەڕوون لەگەڵ دەسەڵاتی خۆوڵاتی و کوردی... دەسەڵاتێک کە وینەی لە بێمافی هاوڵاتیانیدا بێ وێنەیە، تاکە دەسەڵاتی سەر هەسارەی ئەم زەویەیە کە موچەی فەرمانبەرانی نادات. دەسەڵاتێکی دەگمەنی نا یاسایی ونائاسایی میلیشییاییە، دەسەڵاتێکە لەسەر لاوازی نەیارەکانی، لە بۆشایی و ململانێی ناوچەییدا هەناسە دەدات. دەسەڵاتێکی دژە ئازادییە و هەرچی ئازادی و ئازادییەکانی هەیە، لە دەیان ئەمما و ئەگەر و مقەدەساتی پوچی قەومی و دینی ئەخلاقی و کەلتوری و بنەماڵەییدا، گیرکردووە. سەرکوت و زیندانیکردنی لەسەر چات، رەخنە و نارەزایەتی زۆر سادەی بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان کردۆت نۆرم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی... باسێک لە مافە فەردی ومەدەنیەکانی تاک نییە، ژنان لە خراپترین دۆخدان و بەدەیان هەزاریان بە پاساوی پوچی ناموس پەرستی لێ تیرۆکراوە بێ ئەوەی بکوژانی سزای تاوانی کوشتن درابن... لاوان لەم هەرێمەدا پۆل پۆل ناچار بە جێهێشتنی کوردستان کراون و بە سەدانیان لە ریگای سەخت و سنورە زەمینی و ئاوییەکاندا، بوونەتە قوربانی...

لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە ٣٠ ساڵیەدا، یاسا نەک فۆرمێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو بەرگری لە مافی ئینسان لە نزمترین ئاستیدا نییە، بەڵکو حەربەیەکە بەدەست میلیشیا و حزب و بنەماڵەوە بۆ تۆقاندن و ترساندنی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو پارێزەری ئاشکرای تاڵانچیان و تۆمەتبارە زەبەلاحەکانی حزب و بنەماڵەیە... هاوکات دەسەڵات بۆتە نۆکەر و کرێگرتەی حیرفەیی وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە.

مێژووی ٣٠ ساڵەی ئەم دەسەڵاتە هاوشانە بە نارەزایەتی جەماوەری بەدژیدا، لەپیناو ئازادی و مافە سەرەتایەکانی ژیان و گوزەران و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان... کە لە ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ خواستی ڕامالینی ئەو دەسەڵاتە پێی گرتووە تا هاتووە بەرینتر و فراوانتر بۆتەوە.

ئیستا هیچ رێگایەک بۆ درێژەدان بە دەسەڵات نەماوەتەوە جگە لە توندکردنەوەی سەرکوت و داپڵۆسین. بۆ جەماوەری کوردستانیش رێگایەک نەماوەتەوە جگە لەوەی کە ئەو دەسەڵات رابماڵن و دەسەڵاتێ واقعی خۆیان لەسەر کەلاوەی دەسەڵاتیان بنیات بنێن. لەو راستایەشدا بۆ ئەوەی راپەرین و شۆرشی داهاتووی بێبەشان، لە پێناو خەون و خولیاکانیاندا، بەلارێدا نەبرێت و یان لە نیوەی ڕیگادا نەدزرێت، پێویستی بە ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ریکخرابوون و حزبی سیاسی چینی کریکاری دەخالەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆرشگێرەوە هەیە...

**سەرەتای ئازاری ٢٠٢١**

# لەبۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

- **ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕیکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

# چەقوکێشە هێرش بەرەکان بۆسەر غالب محەمەد کێن؟

عەبدوڵا مەحمود



شەوی ٢٦ ی مانگی شوبات، غالب محەمەد ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە بەردەم ماڵەکەی خۆی کەوتە بەر هێرشێکی چەقۆ وەشاندن و بریندار کرا، وا پێدەچێت ئەم هێرشە چەقۆ وەشاندنە پەیوەندی بە هەندێک لە لێدوانەکانی ناوبراوەوە هەبێت لەسەر پرسە سیاسی و رووداوەکانی عێراق و کوردستان...

سەرەتا دەبێ بڵێین ئەگەر ئاسایش بکەوێتە بەر هێرش و بکوژرێت، ئەندام پەرلەمان کە پاسەوان و ئیمتیازاتی و حەسانەی هەیە، هێرشی بکرێتە سەر، رۆژنامەنووس و نووسەر و چالاکوانی سیاسی لە جەرگەی خۆپیشاندانەکاندا دەستگیربکرێن و شوێن بز بکرێن و پاشان دۆسیەی ئامادەکراویان بەسەردا بسەپێنرێت، دەیان کەس لە خۆپیشاندەران، بکوژرێن و کەس توشی لێپرسینەوەی یاسایی نەبێتەوە، دەبێ چ ناوێک لەم دەسەڵاتە بنرێت؟ دەبێ چۆن بڕوانرێتە پرسی ئازادی و ئازادییەکان و ئازادی رادەربڕین؟

هێرش بۆسەر غالب محەمەد، و لەوەش زیاتر بۆسەر نووسەر و رۆژنامەنووس و هەڵسووراوانی بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان نە تازەیەو نەیەکەم جارە و نە دواجار دەبێت... تا ئەم دەسەڵاتە لەسەر کاربێت هێرش بۆسەر ئازادیی و مافە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبێت، هاوکات لەگەڵ بەرینبوونەوەی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان و پەرەسەندنی ئاستی کاردانەوەکانی دەسەڵات و بەڵتەجیەکانی بۆ بەرگری لەدەسەڵات، درێژەیان دەبێت...

هێرش بۆسەر غالب محەمەد و هەر کەس و لایەن و گرووپێک، مەحکومە و پێویستە رووبەرووی نارەزایەتی جەماوەری و دەنگی ئازادیخوازی کوردستان بێتەوە... غالب محەمد خۆی پشک و خێری لە دەسەڵات و بەشداری لەو پەرلەمانەدا هەیە کە دووری نزیک نوێنەرایەتی هیچ خواست و داوکارییەکی جەماوەری بێبەش و نەدار ناکات، لە جێگای ئەوە ئەوە غالب محەمەد و هاوپیشەکانی لە پەرلەمان و حکومەتی چەتەو مافیاییدایە کە ژیان و گوزەرانیان لە ڕێگای موچەی خەیاڵی و ئیمتیازاتەوە شاهانەیە و لەبەرامبەریشدا دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەش کولە مەرگی و مەمرە و مەژییە...

لەکاتێکدا هێرش بۆ سەر غالب محمەد جێگای ئیدانەیە، بەڵام خۆ هەڵواسینی ئەو و هاوپیشەکانی لە حزب و حکومەت و پەرلەماندا بە خواست و داواکارییەکانی جەماوەری بێبەشەوە، بەهەمان شێوە جێگای ئیدانەیەو نابێ کەس فریوی بانگەشەکانیان بخوات... ئەو لێدوان و قسانەی ئەمانە دەیکەن، تاڵە پوشێک لە نارەزایەتی و نەفرەتی جەماوەری نییە، کە رۆژانە کرێکاران و بێبەشانی ئەم کۆمەڵگەیە نیشانی دەدەن. وە لێدوان و هاوارە فریوکارییەکانیان، ناتوانێت بەشێک بێت لە لێدوانی حەق خوازانەی جەماوەری، لە پێناو نان و ئازادی و شکۆی ئینسانیاندا.

ئەوانەی هێرشیان کردۆتە سەر غالب محەمەد، هەر ئەو بەڵتەجیانەن کە موچە دەبرن و نایدەن، ئەو مافیایانەن بە رۆژی روناک بە ڕێگای بەناو یاسایی چەسپیو بەخۆیان و نایاساییەوە، تاڵانی داهاتی خەڵکی کوردستان و خاڵەسنورییەکان دەکەن، هەر ئەو قارەمانانەی کوردایەتین کە نووسەر و رۆژنامەنووس و هەڵسوراوان، لەجەرگەی خۆپیشاندانەکاندا دەگرێت و دۆسیەی ئامادەکراوی تاوانکاریان بۆسازدەکات... ئەو خێڵە لەو تاوانکارانەن کە داگایان کردۆتە حەربەی ماڵوێران کردنی دەنگە نارازییەکان و کەشی ئازاد بۆ تۆمەتبارە ئاشکرا حزبی و بنەماڵە دەستڕۆشتووەکان...

غالب محەمەدەکان کە نزیکن لەو دەسەڵات و مافیایانە باش دەزانن کێن ئەوانەی هێرشیان کردۆتە سەری... ئامانجیش لەم هێرشانە ئەوەیە، کە دەسەڵات و مافیاکانیان لەو ڕێگایەوە دەیانەوێت کۆمەڵگە و بترسێنن و تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری توشی پاشەکشە بکەن و ئەو پەیامە بدەن، کە دەستپارێزی لە نزیکەکانی خۆیان و بەشدار لەگەڵ خۆشیان ناکەن، ئەگەر سنور بەزاندن بکەن.

## سەرانی دەسەڵات تاوانبارن و دەبێت دادگای بکرێن، نەک ئەوانەی داوای مافی خۆیان دەکەن

...فیشەک جوابی دەدەنەوە. زۆرجاریش بۆ چەواشەکردنی رای گشتی کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی دەگرن و راپێچی بەردەم دادگایان دەکەن. بەڵام ئێمە کۆمۆنیستەکان ماوەی ٣٠ ساڵە دەڵێن لەکوردستاندا شتێک نییە بەناوی سەروەریی یاسا و دادگایەک نییە کە بۆ هەمووان یەکسان بێت. ئەو یاساو دادگایەی کە هەیە تەنها داردەست و ئامرازێکی سەرکوتکەرە بەدەست دەسەڵاتەوە بۆ کپکردن و نەهێشتنی دەنگە نارازییەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان.

رووداوەکەی رۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠٢١ لە دادگای ٢ی هەولێر جارێکی تر ئەو قسەیەی ئێمەی پشتراستکردەوە. ئەویش دوای دەرکردنی بریاری سزای شەش ساڵ زیندانیکردنی بەسەر چەند رۆژنامەنوس و چالاکوانێکی ناوچەی بادینان، کە پێشتر لەلایەن مەسرور بەرزانیەوە بە "سیخور" و "تێکدەر" ناوزەندی کرابوون. هەربۆیە ئەم بریارەی دادگای هەولێر، جگە لە سزایەکی سیاسی کە سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵێک لەو ئینسانانەی کە نارازین بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، هیچیتر نییە.

دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد لەماوەی سێ دەیەی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا کارنامەیەکی رەش و دژی ئینسانیان تۆمارکردووە. بەهەموو شێوەیەک سەرکوتی خەڵکی هەژاری کوردستانیان کردووە، هەرکەس رەخنە یاخود دەنگی نارەزایەتی بەرزکردبێتەوە سەرکوتیان کردوە. لەرێگای تیرۆر و رفاندن و بێسەروشوێنکردنی دەیان کەس لە رۆژنامەنوسان و هەڵسوراوانی سیاسی و کۆمۆنیست، یان لە رێگای کوشتن و تەقەکردن و شەق وەشاندن لە خۆپیشاندەرانی بەرهەقی خەڵکی بێکارو هەژارو برسی. زۆر جاریش رێگای یاساو دادگایان بەدەستەوە گرتووە فایلیان بۆ دروستکردون و سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپاندون.

هەموو ئەمانە نموونەیەکی کەمن لەو تاوانانەی کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد و حزبە ئیسلامیەکان لەماوەی ئەم ٣٠ ی ساڵەی دەسەڵاتیاندا، بەهێزی چەک و بە زۆر سەپاندویانە بەسەرکرێکاران و هەژارانی کوردستاندا. پارتی ئەم جارە بەبێ هاوکاری حزبەکانی ناو حکومەتەکەی، تەنانەت بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەڵگە هەبێت لە دادگایەکی بەعس ئاسادا سزای زیندانیان بۆ ئەو چالاکوانە سیاسی و رۆژنامەنوسانە بریەوە کە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان وبێبەشانی کۆمەڵگە هاتونەتە مەیدان. لە ترسی خرۆشان و هاتنەمەیدانی نارەزایەتی جەماوەری و ئەو قەیرانەی کە دەرگیری حکومەتەکەی مەسرو بارزانی بووە. بۆیە دەست بۆ هەموو سەرکوتێک دەبات تا بتوانێت جەماوەر بێدەنگ بکاو فەزای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

لەبارەی ئەو تۆمەتانەی کە دادوەرەکان بۆ ئەم کەیسەیان هەڵبەستووە، گوایە ئاسایشی هەرێمان تێکداوە. ئەوە نەک هەر خەڵکی کوردستان، تەنانەت خودی ئەندامان و سەرانی پارتی خۆشیان دەزانن کە ئەم جۆرە تۆمەتانە چەند پوچ و بێ بنەمان.. خەڵکی کوردستان باش دەزانن ئەوەی کە ئاسایشی هەرێمی کوردستانی تێکداوە، بەرپرسان و کوری بەرپرسانن. ئەوانەشی کە سیخوری دەکەن بۆ وڵاتانی دەرەوە و دەستیان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە تێکەڵکردووە، حزبەکانی ناسیۆنالیستی کوردو حزبە ئیسلامیەکانن. لە راستیدا ئەوەی کە دەبێت دادگایی بکرێت و سزای تاوانەکانی وەربگرێت، سەرانی دەسەڵاتی حزبە کوردی و ئیسلامیەکانن، نەک ئەوانەی کە داوای مافی خۆیان دەکەن.

خەڵکی کوردستان دەبێت بەرامبەر بەم تاوانەی کە دادگای ٢ ی هەولێر لە ژێر فەرمانی سەرانی پارتیدا پێ هەستاوەو دەرهەق بە چالاکوان و رۆژنامەنووسانی بادینان دەنگی نارەزایەتی بەرزکەنەوە. ئەم دادگاییە ئیدانەو شەرمەزار بکەن. بێدەنگی لەم تاوانە دەستی سەرانی حزبە کوردییەکان ئاوالا دەکات بۆ سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی نارازی.

هەروەک مارتین نیمولەر (١٨٩٢- ١٩٨٤) لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:

کاتێک نازیەکان کۆمۆنیستەکانیان سەرکوتکرد، من بێدەنگ بووم، چونکە کۆمۆنیست نەبووم، کاتێک سۆسیال دیموکراتەکانیان زیندانی کرد، بێدەنگ بووم، لەبەرئەوەی سۆسیال دیموکرات نەبووم، کاتێک سەندیکالیستەکانیان سەرکوتکرد، نارەزایەتیم دەرنەبری، لەبەر ئەوەی سەندیکالیست نەبووم. کاتێک جووەکانیان سەرکوت کرد، بێدەنگ بووم، لەبەرئەوەی جوولەکە نەبووم. کاتێک کەخۆمیان سەرکوتکرد، کەسێک نەمابوو توانای نارەزایەتی دەربرینی هەبێت.

بۆیە پێویستە لەسەر هەموان دژی ئەم پیلانەی پارتی بوەستینەوە کە دەیەوێت لە رێگای دادگاوە سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازی بکا. دەبێت هەموو هەوڵی خۆمان بخەینە کار، بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بریارەی دادگای هەولێر تا ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو گیراوەکان و قەرەبووکردنەوەیان.



# هەشتی مارس دەرفەتێك بۆ خۆ ئابدەیت کردنەوەی ژنانی یەکسانیخواز

**ژنان دەبێ بەو راستیە بگەن تا کاتێك نیزامی چەوسێنەرى سەرمایەدارى لەسەر کار بێ ئەوان بە ماف و ئازادییان ناگەن و ئازادى ژنان و هەموو مرۆڤایەتى بەندە بە دامەزراندن سیستمێکى سوشیالیستى و مرۆڤ پەروەر کە تیایدا تاکەکان بە پێى رەگەز دەستەبەندى ناکرێن و ناچەوسێنەوە**

دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سوشیالیست بەرێوە چوو، کە تیایدا "کلارا زتکین" ژنە شۆڕشگێڕ و ناسراوی حیزبی سوسیالیستی "ئاڵمان" لەسەر دیاریکرنی رۆژی جیهانی ژن قسەی کرد و هەر لەوێشدا پێشنیاری کرد، ٨ ی مارس وەک رۆژی جیهانی ژنان بناسرێت. پێشتر ژنانی وڵاتی "نەمسا" ڕوژی یەکی "مەی" یان پێشنیار کردبوو، کە یەکی مەی مانا و مەفهومی خۆی هەیە و نەدەکرا وەک ڕۆژی ژنان دیاری بکرایە. هەر لەو پەیوەندییەدا ژنانی وڵاتی "ئاڵمان" نیش رۆژی 19ی مارسیان پێشنیار کرد بوو، کە ١٩ی مارسیش ڕۆژێکی مێژوویە لە خەباتی شۆڕشگێرانەی ژناندا، لەو ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٨٤٨ زاییندا ژنان دژ بە رژیمی پاشایەتی "پرۆس" بوو دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردوەتەوە، بەڵام کۆنفرانسی ساڵی ١٩١٠ی "کۆپێنهاگی دانمارک" سەرەڕای گرینگ بوونی خۆی، نەیتوانی بڕیاری کۆتایی بدات و ڕۆژێک وەک ڕۆژی ژنان دیاری بکات. ئەو مەسەلەیە تا ساڵی ١٩٢١ی زایینی مایەوە و هەر وڵاتە و بۆخۆی و لەکات و ڕۆژێکی جیاوازدا و بەتایبەت ڕۆژانی پشووی مانگی مارس خۆپێشاندانیان ساز دەکرد و یادی ڕۆژی ژنانیان دەکردەوە. ئەوە بوو کە "کلارا زتکین" دیسانەوە لە ساڵی ١٩٢١ی زاییندا، هەشتی مارسی وەک رۆژی ژنان خستەوە بەر باس و ئەمجارەیان پێشنیارەکەی پەسەند کرا و لە ئاکامدا ئەم رۆژە وەک ڕۆژی ژنان لە مێژوودا دیاری کرا. ئەمساڵ لەکاتێکدا بەرەو پیری هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەچین، کە هەڵاواردنی رەگەزی، دەستدرێژی، توندوتیژی، ئەشکەنجە و کوشتنی ژنان لە هەموو وڵاتانی جیهان بەڕێوە دەچێ. ڕۆژانە بەسەدان ژن لە سەرتاسەری جیهان دەبنە قوربانی دەستدرێژی، توندوتیژی، ئەشکەنجە، زیندان و کوشتن تەنیا بە تاوانی ژن بوونیان. لە سەردەمی سەرمایەداری ژنان خاوەنی جەستەی خۆیان نین و هەموو جۆرە سوکایەتی و بێ کەرامەتیەکیان بەرامبەر دەکرێ و پاساوی بێ بنەما بۆ ئەو تاوانانە دێننەوە. ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوە پیری هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژنان دەچین کە ژنان نەک بارودۆخیان سەرەرای خەباتێکی بێ وچان و نەپساوە باشتر نەبووە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر توشی بێ مافی دەبن. سەرەرای ئەو گشتە نایەکسانی و هەڵاوارن و بێمافیە ژنان هەردەم لە سەنگەری پێشەوەی خەبات دابوون و هەردەم بەرامبەر بەهەر بێ مافی و نایەکسانیەک دژ کردەوەیان نیشان داوە. ژنان لە سەرتاسەری جیهان سەرەرای زەخت و گوشار توانیویانە خەباتی خۆیان تارادەیەک بە رێکخراوەیی بکەن و یەکگرتوو لە ژێر چەترێکی گشتگیردا بەرەو ئازادی یەکجارەکی هەنگاو بنێن. لەهەر ولاتێک ژنان بەروەرووی توندوتیژی دەبنەوە چالاکانی مافی ژنان و ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دژ کردەوە نیشان دەدەن و دەرژێنە سەر شەقامەکان تا دەنگی

ژنانی قوربانی بن. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرەیە کە بزوتنەوەی ژنان هەموو سنوورەکانی رەنگ و نەژاد و ئەتنیکی بڕیوە و ژنان ئەوەندە ئاستی وشیاریان چۆتەسەر لەوە تێگەیشتوون پرسی ژنان و ئازارەکانیان لەهەموو جیهان یەک پرسە و ئەوان دەبێ یەکگرتوو بن و هەموو سنوورەکان ببڕن، تا بتوانن بە ئازادی و مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بگەن. خەباتی بێ وچانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هەموو جیهان لەسەر پییە و خەباتی ژنان مێژویەکی پڕشنگدارە کە تەنانەت وڵاتانی دیکتاتۆریش بە چۆک دادەنێ و ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن. خەباتی ژنان لە هەموو جیهان لەسەردەمی سەرمایەداری دا لەسەر پێیە و لە هەر وڵاتە بە پێی چەشنی جوگرافیایی وڵاتەکە خەباتەکە دەگۆڕدرێ. بزوتنەوەی ژنان و خەباتیان ئاکامی توندوتیژی و ناعەداڵەتی و بێمافی و نەبوونی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە هەموو جیهانە. بەڵام خەباتی ژنان لەهەر وڵاتە سیما و کارکردی دەگۆڕێ. ئەگەر ژنان لە وڵاتانی سەرمایەداریی خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن خاوەنی جەستەی خۆیان بن و لەش و لاریان بۆ فرۆشی کاڵای سەرمایەداران کەڵکی نابەجێ وەرنەگیرێ و ئەو کردەوەی سەرمایەداران بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە قەڵەم دەدەن، ئەگەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ژنان خەبات دەکەن بۆ مافی یەکسان بۆ کاری وەک یەک و موچەی وەک یەک و هەوڵ بۆ گۆڕینی یاساکانی وڵاتان دەدەن، لە هەمان کاتدا ژنان لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست خەبات دەکەن بۆئەوەی مافی شارۆمەندی و بچوکترین مافە سەرەتاییەکانیان کە لێیان زەوت کراوە بە دەست بێنن. لە ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی، تورکیە، عێراق و ئێران کە کارنامەیەکی ڕەشیان لە بواری بێمافی ژنان و هەڵاواردن بۆ خۆیان تۆمار کردووە. ژنان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەگەل هێزە توندرەو و بناژۆخواز و ئیسلامیەکان بەرەوروون. ژنان لەو وڵاتانە کە شەر بە سەریاندا سەپاوە قوربانیانی شەرن و هەموو تاوانێک بە دژیان رەوا دەکرێ و لە بازارەکان وەک غەنیمەتی شەر و کۆیلەی جنسی کڕین و فرۆشیان پێ دەکرێ. هەروەک ئاگادارین تا بە هەنووکەش کە ساڵی ٢٠٢١ی زایینیە ژمارەیەک لە ژنانی ئێزیدی کە قوربانی شەڕی ئایینی بوون بارودۆخیان نادیارە و وەک کۆیلەی جنسی بەکار دەبردێن. بارودۆخی ژنان لە بازاری کار و نەبوونی موچەی بەرابەر و یەکسان تەنانەت لە وڵاتانی رۆژئاوایی، بەکاڵاکردنی جەستەی ژن و فرۆشتنی کاڵاکانی سەرمایەداران بە لەش و لاری ژنان، بارودودۆخی ژنانی کرێکاری جنسی و دەستدرێژی بۆسەریان بەناوی ئازادی و دیموکراسی، هەوڵدان بۆ پەسەندکردنی یاساو رێسای دواکەوتوانە و ئیسلامیی و دژە ژن بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، چوونە سەری ئاماری خۆکوژی و

کوشتنی ژنان لە وڵاتانی ئیسلامی هەمووی دیاری دنیای سەرمایەداری بۆ ژنان بووە و بە هەموو هێزێکەوە هەوڵ بۆ لە ناوبردنی دەسکەوتی ژنان و لە کارخستنی هێزێکی کارامەی کۆمەڵگە دەدات. هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد سەرەرای بوونی ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێی ئەو رەگەزەی کۆمەڵگە، ژنان ملکەچی ئەو بارودۆخە نەبوون و لەبەرامبەر هەموو ئەو ناعەدالەتیانە راوەستاون، کە وەک نمونەی ئەو خەباتە دەتوانین باس لە ژنانی رۆژئاوا بکەین کە خەباتێکی هەمەلایەنەیان دژ بە ئایینی دواکەوتویی دەست پێکرد. ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی تاسەر ئێسقان دژە ژن و تۆتالیتێر دژ بە یاساکانی رژیمی ئیسلامی کە توندوتیژی دژ بە ژنان تێیدا یاسایی کراوە لەبەرامبەر پۆششی زۆرەملی راوەستاون و لە سەنگەری پێشەوی خەبات بە دژی دواکەوتوویی دان. لە وڵاتانی ئیسلامی ژنان هەوڵ بۆ پچڕانی کۆت و بەند و زنجیر دەدەن و لەو پێناوەدا قوربانیان داوە، بەڵام چۆکیان دانەداوە. ژنان لە خۆپێشاندانەکانی ئەمساڵی ئێران کە بە شۆرشی برسییەکان ناوی دەرکرد لە ریزی پێشەوە بوون و داوای ماف و حقوقی ئینسانیان دەکرد. ژنانی ئێران لەو بارودۆخە ئەستەم و دژوارەدا "نا" یان وت بە کۆت و بەند و لە بەرامبەر یاسای حیجاب دا وەستاون و هەموو حاکمەتی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێرانیان خستە ژێر پرسیار. ژنان ئەو هێزەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە هەول بۆ پاسیڤ بوون و دوورکردنەوەی لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری ئێران دەدات تەنگیان بە رژیم هەڵچنیوە و رۆژانە دەبینین ژنان لە ئێران سەرەرای بوونی فەزایەکی ئەمنیەتی و دژە مرۆڤ لچکەکانیان لەسەر دادەکەنن و نا ئەڵێن بە کۆیلەیی کە ئیسلام و رژیمە ئیسلامیەکان بەسەریاندا سەپاندوون. لەو سەردەمەداو لەو بارودۆخە کە ژنان لە هەموو جیهان خەریکن بە دژی دواکەوتوویی و بێمافی رادەوەستن و چالاکی دەنوێنن، بەداخەوە ئەگەر ئاورێک لەدۆخی ژنان لە باشوری کوردستان بدەینەوە دەبینین کە رەخنە هەڵگرەو بزوتنەوەی ژنان نەیتوانیوە لەو بەشەی کوردستان بە شێوەی پێویست و سەردەمیانە خۆی ئابدەیت بکاتەوە و هەڵگری ویست و داخوازیی ژنان بە تایبەتی ژنانی کریکار بێ و سەنگ و پێگەی ئەوتۆی نەبووە. لەو نێوەدا بزوتنەوەی ژنانی لیبرال و سەر بە دەسەلات زەبری کاریگەری لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی داوە و دەسەڵاتی حاکمیش بە پیلانی لەپێشدا دارێژراو هەوڵ بۆ سەپاندنی بارودۆخی نالەبار بۆ ژنان و کۆیلەییان دەدات. سەرمایەداری لەو بەشە لە کوردستان دوو ئەبزاری مەترسیداری ئایین و پیاوەزنی بە دەستەوەیە و بەردەوام و بە پیلان کەڵکی لێ وەردەگرێ. ژنانی باشور دەبێ هەشتی مارسی ئەمساڵ و رۆژی جیهانی ژن وەک هەل و دەرفەتێک بۆ خۆ ئابدەیت کردنەوە لەگەڵ روداوەکانی سەردەم بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوەو بەو راستیە بگەن کە ئازادی ژن روکنی سەرەکی ئازادی کۆمەڵگە و چینی کرێکار و هەموو مرۆڤایەتییە. بۆیە دەبێ قۆڵی هیمەت هەڵماڵن بە کۆر و کۆبوونەوە و چالاکیەکانیان خۆیان هاوتەریب کەن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و دەست لە ناو دەستی پیاوانی ئازادیخواز هەول بۆ نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژە مرۆڤ بدەن و هەڵگری دەنگی ژنان و پیاوانی کرێکار بن. ژنان دەبێ بەو راستیە بگەن تا کاتێک نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری لەسەر کار بێ ئەوان بە ماف و ئازادییان ناگەن و ئازادی ژنان و هەموو مرۆڤایەتی بەندە بە دامەزراندن سیستمێکی سوشیالیستی و مرۆڤ پەروەر کە تیایدا تاکەکان بە پێی رەگەز دەستەبەندی ناکرێن و ناچەوسێنەوە. بۆیە ئازادی ژن کاتێک بەتەواوی مسۆگەر دەبێ کە نیزامی سەرمایەداری بروخێ .

# تەنها بەخەباتی یەکگرتوانە فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەڕوخێت



نووسینی: عبدالرحمن رسول

ئەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین کەچیتر ناکرێت تێکۆشانەکان لەچوارچێوەی پەرتەوازەیی و تاک گەرایی وحیز بگەرایی و گرووپ بەندی بمێنێتەوە، بە بەردەوام بوونی ئەم جۆرە کارکردنە لەپەرتەوازەیی ودوورە پەرێزی گشتی خەڵکدا پایەکانی دەسەڵات و سیستەمی کۆنەخوازو فاشیزم و چەوسێنەر بەهێزتر و ئەستوورتر دەکات. بەردەوام هێزی مانەوە بەئیرادەی سیستەمە بۆگەن و ملهوڕەکان دەبەخشێت. بەهۆی پەرتەوازەیی تێکۆشانەکانەوە کەپڕوپاگەندەی هەر جۆرە بیروباوەڕێکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و کۆمۆنیستی ومرۆڤ دۆستی بکەن. کەوایە ڕێگا دروست و ڕاست تێکۆشانی هاوخەباتی ویەکگرتوانەیە. ئەمەوێت بەهۆی ڕاپەرین و خرۆشانی ناڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکانی بلوجستان وسیستانی ئێرانەوە کەمێک تیشک بخەمە سەر گرینگی تێکۆشانی هاوپشتی لەپێناوی ڕزگاری و مافەکانی مرۆڤ و بەرابەری وئازادی دا. بەدرێژایی ٤٢ ساڵ فاشیزمی ئیسلامی بەوپەڕی دڕندایەتییەوە دژایەتی یاساکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان دەکات، بەردەوامیش بەهۆی ڕەخنەگرتن لەسیستەم ودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوام گەنجان ولاوان و ژنان وهونەرمەند و ڕۆژنامەنووس وچالاکوانانی مەدەنی ڕاپێچی زیندانەکان کراون و قورسترین سزایی یاساییان بەسەردا سەپێندراوە، سیناریۆ و چیرۆکی جۆراوجۆریان بۆسازکردووەن و بەئاشکرا و بەنهێنی لەسێدارەیان داون و شوێن بزریان کردوون و جەنازە و تەرمەکانی بەشێکی زۆریان نەدراوەتەوە بنەماڵە و خانەوادەکانیان. تەنانەت بەهۆی وتنەوەی وانەی زمانی کوردییەوە مامۆستا سزا دراوەو زیندانی کراوە نموونەش کچە چالاکوانی کورد زارا محەمەدی بە تاوانی فیرکردن و وتنەوەی زمانی دایکی واتە زمانی کوردی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە سزای ٥ ساڵ زیندانی کردنی بە بەسەردا سەپێندراوە ئەمەش تاوانێکی گەورەی دژە ئینسانی یە. بەشێوازی جۆراوجۆر خەڵکی کوردستان ناڕەزایەتی نیشاندا، بەڵام ڕژێمی ئاخوندی سەرەڕۆ هەر درێژە بەتاوانەکان دەدات، هەرگیز بۆ یەک چرکەش واز ناهێنێت لەتاوانەکان. جگەلەوەی بەردەوام یاساکانی دژە ئینسانی لەسێدارە جێبەجێ دەکرێت. هەر دەبێت ڕۆژانە گوێ بیستی هەواڵی دڵتەزین وناخۆش ببیستین لەسایەی ئەو ڕژێمەدا. هەربۆیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تاوانانە خەڵکی بەردەوام ناڕازییەتی و خۆپیشاندان ئەنجام دەدات، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەم ڕژیمە ملهورە دەستی هەڵنەگرتووە لەئەنجامدانی تاوانەکان. لەماوەی ٤٢ ساڵی تەمەنی دەسەڵاتی مەلاکاندا هەر خەڵک لەسەرخیابانەکان ناڕەزایەتی و خۆپیشاندنی ئەنجامداوە و قوربانیداوە خراوەتە زیندانەکان و سزادراون. ئەوە ئەم جارەش ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی سیستان و بلوجستان بەردەوامی هەیە، خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتی بلوجستان کەبەهۆی بارودۆخی قورسی ژیان و گوزەرانیان بۆدابینکردنی بژێوی خانەوادەکانیان مەجبورن ئیشی نەوت و گازو بەنزین بەقاچاخ بکەن لە سنورەکانی بلوجستان و وڵاتی پاکستان، لە ٢٢-٢-٢٠٢١ لە هێرشی دژە ئینسانی هێزەفاشیستەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆ سەر سوختبران (سوتەمەنی بەران) لە مەرزی زادان – پاکستان کەهاوشێوەی کاری قورسی کۆڵبەری یە، لەئەنجامی ناچاری هەبوونی بێکاری وهەژاری خەڵک ئەم کارە قورسە ئەنجام دەدات، کە بەداخەوە لە بەلوچستان چەندین سوتەمەنبەر ”سوختبر” گیانیان لە دەستدا و چەندین سوتەمەنیبەری دیکە بریندار بون. لەدوایی ئەم کردەوەیە دژە ئینسانییە ناڕەزایەتی بەرین لەزۆرێک لەشارەکانی ئێران دەستی پێکردووە. هەر بۆ ئەومەبەستە هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامی لەتەواوی ئامادەباشیی دان بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بەتوندترین شێوەی دژە بەشەری. بەڵام بەهۆی یەکگرتووی خەڵکی ناڕازییەوە تواندراوە لە چەند شارێک بنکەکانی فەرمانداری و ئیدارەکانی حکومی ئاگر تێبەربدەن. خەڵکی ئێران باش دەزانێت هەتا ئەم ڕژێمە فاشی یە لەدەسەڵات بمێنێت ئەوان وەک خەڵکی سیڤیل وسادە دەبێت باجی گیانی ومادی بدەن ئەم تاوانەش نیرۆی وەحشی فاشیزمی دەوڵەت ئەنجامی داوە بۆسەرسوختبران کەبەهۆیەوە لەئەنجامدا بوە هۆی گیان لەدەستدانی دەیان کاسبکارو برینداربونی ژمارەیەکی زۆر، دەرئەنجامی کردەوە وەحشیگەرییەکانی ئەم ڕژێمە و بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵکی ئێران بەردەوام خەڵکی خەلکی تەواوی ناوچە جیاوازەکان و زمانەجیاوازەکانەوە بێزاربوون لەم دەسەڵات وسیستەمە هەربۆیە کوشتنی ئەوکرێکارو زەحمەتکێشانەوە خەڵک بەیەکگرتووانە دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان لەدژی ئەنجامدانی ئەوکۆمەڵکوژییە. ئەم ناڕەزایەتی وڕاپەرینە لەدوای ئەم هێرشە وەحشیگەری یە ئەنجامدانی ئەو تاوانە دژە ئینسانییە، خەڵکی ناڕازی و تورەی شارەکانی سیستان و بلوجستان دەستیان بە ڕاپەڕین کردوە و توانیویانە لەچەند شارێک ڕاپەرین وناڕەزایەتی بکەن وەکو شارەکانی ئیرانشهر و سەراوان هەروەها لە چەندین شوێنی تر خۆپیشاندان و پشێوی تاوەکو چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەردەوامی هەبوە وەکو شارەکانی قلعە بید و شورو زاهدان وسرنجڵ. ڕژێمی جینایەتکاری ئێران تەواوی هێڵی ئەنتەرنێت و تەلەفۆنی لەخەڵک بڕیوە. لەهەوڵی سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەریوی ئەو ناوچانەدایە. خودی بڕینی هێڵەکانی ئەنتەرنیت نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕژێمە تەواو شپرزە و فشاری بۆهاتووە لەلایەن خەڵکی ناڕازی ئێرانەوە، بۆیە دەستی بردووە بە قۆناغ و هەنگاوە دژەئینسانی و سەرکوتگەرییەکانی بەجۆشترکردووە. ئەبێت خەڵکی ناڕازی ئەوە بزانێت بەم جۆرە نەدەسەڵاتی فاشیزم دەڕوخێت نە چاکسازیش دەکات، تەنها خەڵک دەبێتە قوربانی بۆیە ئەگەر خەڵک دەیەوێت ڕزگاری بێت پێویستە شەڕی کۆتایی بکات لەگەڵ ئەوڕژێمەدا ئەویش شەڕی ڕوخان و کۆتاییهێنان بەوجۆرە دەسەلات و سیستەمە مەزهەبییە کۆنەخوازە بکات، ئەمەش بکاتە ئەرک و واجبێکی کرداری ڕۆژانەی خۆی. یەکەم هەنگاو کە دڵسۆزانە کاری لەسەربکات بەستنەوەی ناڕەزایەتییەکانی شارەکانی ئێران وکوردستان بەیەکتری یەوە، ئەوەی لەبلوجستان ڕوویداوە دەبێت لەکوردستان پشتیوانی بکات لەشارە عەرەب نشین وفارس نشین وکوردنشین هاوپشتیوانی بکەن، ئەم تاوانەی هێزە تیرۆرستییەکانی ئیسلامی ئێران ڕیسواو شەرمەزار بکەن. دەرئەنجام دەست ببرێت بۆ ڕێکخرابوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەرنامەو پلاتفۆری ئیدارەدانی دوایی ڕوخانی فاشیزمی ئیسلامی دەبێت بۆخەڵک ڕۆشن بێت، کاتێک شارێک کەوتە دەست خەڵک و پاککرایەوە لەهێزە نیزامی و تیرۆریستییەکانی ڕژێم، هەرئەوکات و ساتە حکومەت و ئیدارەدانی خەڵک بەیان بکرێت لەلایەن شوراکانی خەڵکەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی شورایی کەلەناو خوارەوەی کۆمەڵگاوە دامەزراوەکانی کارگێری و ئیدارەدان ببێتە هەوێنی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی شارستانی وئازاد و پێشکەوتوو. پێویستە هێزی بەرین و لافاوی ناڕەزایەتی خەڵک ئاراستەی شۆڕشێکی بەهێزی یەکگرتوانە بکرێت کەبتوانێت سیستەم و دەسەڵات وکۆمەڵگاش ئاراستە نوێ بونەوەو گۆڕانکاری کرداری ڕیشەیی بکات. ئەم گۆڕانکارییە بکاتە گۆڕانکارێکی ناچاری و دڵسۆانە. ئەرکی جدی ودەست پێشخەریش دەکەوێتە سەر هێزو حیزب وڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئێران کەبەخۆیان دابچنەوە لەوجۆرە پەرتەوازەیی و کاری سێکتاریزم و گۆشەگیری و حیزب پەرستییە وازبهێنن بەرەو نوێ بونەوە و تێکۆشانی هاوپشتی ویەکگرتووانە هەنگاوی بەردەوام ودڵسۆزانەی کرداری بنێن، دواتر کاریگەری ئەرێنی زیندوویی جێ دەهێڵێت لەسەر شێوازو تێکۆشانی ناوخۆی ئێران و بورکان و شۆڕش و ڕاپەرین بەهێزتر بەجۆشتر دەکات، ئاسۆکانی ناڕەزایەتی شۆڕشی جەماوەری گەشاوەتر وبەئومێدتر و پڕهیوا دەکات. بەدرێژایی تەمەنی سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەر خەنجەری ڕەخنەیان لەیەکتری سووە و مێژووی خوێناوی یەکتریان هەڵداوەتەوە بەر ڕەخنەی ڕوخێنەری یەکتریان داوە، بەڵام ڕژێم ملی دەسەڵاتدارێتی ئەوستوورتر وبووە خەنجەری دژە ئینسانی تێژتر کردووە، خەڵکی ئێران و کوردستان قوربانی وباجی زیاتری داوە. هەربۆیە پێویستە ئەم ڕاپەرین و ناڕەزایەتییەی شارەکانی بلوجستان وسیستان وشارەکانی تر ببێتە هەوێنی تێکۆشانی هاوخەباتی و هاوپشتی لەناو خەڵکی شارەکانی کوردستان و ئێران بەگشتی و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی. ئەرکی دڵسۆزانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان ئەم هێزەی ناڕازییەی کەپرش و بڵاوە کۆبکەنەوە بۆئەوەی ببێتە هەوێنی شۆڕشی گۆڕانکاری کرداری لەئێراندا و دەسەڵات و سیستەمی کۆنەخوازو کۆنەپەرستانەی مەلاکانی ئیسلامی لەئێران لەگۆڕ بندرێت دواتر خەڵک خۆی لەڕێگەی شوراکانی خۆیەوە کۆمەڵگای ئێران بەحکومەتی شورایی ئیدارە بدرێت. ناکرێت چیتر خەڵک خەباتی هاوپشتی فەرامۆش بکات، بەڵکوپێویستە تێکۆشانی هاوخەباتی و هاوپشتی و یەکگرتوانە ببێتە هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشترو نوێتر وئازادو بەرابەرو یەکسان.

# ستانداردەکانی دادگاییکردن لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە

-لەهەموو دادگاییکردنێکدا ئەسڵ لەسەر بێتاوانیی تۆمەتبارە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە.

–دادگاییکردنەکان دەبێ دووربن لە پێشداوەری و وروژاندن و لە هەلومەرجێکی عادلانەدا بەرپابکرێن. شوێنی دادگاییکردنەکە و دادوەر و دەستەی دادوەری دەبێ بەجۆرێک دیاری بکرێن کە ئەم هەلومەرجە زامن بکەن.

–تۆمەتبارو پارێزەرەکەی مافی ئەوەیان هەیە کە بەر لە دادگاییکردنەکە لە هەموو بەڵگەو بەڵگەنامە و شایەتیەکی داواکاری گشتی یان لایەنی داواکار ئاگادار ببنەوە و لێی ووردببنەوە.

–داوای تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری هەر دادگایەکدا، لانی کەم یەک جار، چ لە لایەن تۆمەتبار یان داواکاری گشتی یان هەردوولای دەعوانامەکەوە بێت، یاساییە.

-قەدەغەکردنی برەودان بە پێشداوەریی گشتی لەبارەی دادگاییکردنەکان و کەسانی پەیوەندیدار پێیانەوە، بەر لە تەواوبوونی دادگاییکردنەکە.

-قەدەغەی دادگاییکردنی کەسەکان لە هەلومەرج و کەشوهەوایەکدا کە گوشاری ڕای گشتی بوار بەدادگاییکردنێکی بێلایەنانە نەدات، یان لەکەداری بکات.

-شایەتیدانی پۆلیس لە دادگاییکردنەکاندا بە ئەندازەی شایەتیدانی شایەتەکانی دیکە بایەخی هەیە.

-دادوەر و دادگا دەبێ بەتەواوی سەربەخۆ بن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە. ڕاست و ڕەوابوونی یاسایی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دەبێ لەلایەن کۆمەڵە دادوەرێکی تایبەتەوە چاودێری و پشتگیری بکرێ.

-لە یاساکانی سزادانادا دەستدرێژیکردنە سەر جەستە و ئاسایشی دەروونیی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی منالان، زەبروزەنگ لە دژی ژنان، تاوانە ناموسیەکان لە دژی ژنان، ئەو تاوانانەی کە لە دەمارگیری و نەفرەتکردن بەرامبەر بە دەستەیەک لە خەڵک سەرچاوەدەگرن و ئەو تاوانانەی کە تۆقاندن و زەبروزەنگیان تیادا بەکاردێت، دەبێ بە تاوانی زۆر قورستر بژمێردرێن لەچاو تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر مافی خاوەندارێتی و دارایی، چ تایبەتی بێت چ دەوڵەتی. ئەو سزایانەی کە وەکو تۆڵە یان وەک پێی دەڵێن بۆ عیبرەت لێوەرگرتن دانراون دەبێ بگۆڕدرێن بەو سزایانەی کە بەئاڕاستەی چاکسازی تاوانبار و پاراستنی کۆمەڵگا لە دووبارەبوونەوەی تاوان دادەنرێن.

**مافەکانی تۆمەتباران‌و تاوانباران**

-هیچ کەسێک بەبێ ڕاگەیاندنی تاوانەکەی ناکرێ زیاتر لە ٢٤ کاتژمێر تەوقیف بکرێت. ئەم شوێنی تەوقیفکردنە کاتیە نابێ زیندان بێت، بەڵکو دەبێ بەشێک بێت لە بارەگای هێزەکانی پۆلیس کە پێداویستیە نۆرماڵەکانی تێدابێت.

-بەرلە دەستگیرکردن دەبێ مافەکانی کەسی دەستگیرکراو بە خۆی ڕابگەیەنرێت.

-هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە پارێزەر یان شایەت بۆ کاتی دەستگیرکردن و لێپرسینەوەکەی خۆی بانگ بکات. هەرکەسێک مافی هەیە لانی زۆر تا یەک کاتژمێر دوای دەستگیرکردنەکەی دووجار پەیوەندی تەلەفۆنی بکات لەگەڵ پارێزەر یان کەسوکاری خۆی، یان هەرکەسێک کەخۆی پێی باش بێت.

–کاربەدەستانی پۆلیس بەرلە ڕاگەیاندنی تاوانەکە و بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە مافیان نییە پەنجەمۆری لێوەربگرن یان وێنەی بگرن وەیان تاقیکردنەوەی پزیشکی و تێستی دی ئێن ئەی DNA بۆ بکەن.

-لەگەڵ دەستگیرکردنەکەدا یەکسەر دەبێ کەسوکاری پلە یەکی کەسی تەوقیفکراو وەیان هەرکەسێک کە خودی ئەو دیاری دەکات لە تەوقیفکردنی ئاگادار بکرێتەوە.

-هەرجۆرە ئەشکەنجە و تۆقاندن و سووکایەتی و گوشاردانانێکی فیکری و دەروونی لەسەر کەسانی تەوقیفکراو و تۆمەتبارکراو و حوکمدراو بەهەموو جۆرێک قەدەغەیە. گرتنەبەری ئەم شێوازانە بە تاوانی جینایی دەژمێردرێن.

–وەرگرتنی دانپێدانان لەرێگەی هەڕەشە یان تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.

-بەرەنگاربوونەوەی دوور لە توندوتیژی لە بەرامبەر دەستگیرکردندا، هەوڵدانی دوور لە توندوتیژی بۆ هەڵاتن لە زیندان یان خۆبواردن لە دەستگیرکردن خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.

-هێزەکانی پۆلیس بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە خۆی یان لە دەسەڵاتی دادوەریی خاوەن سەلاحیەت، مافی لێپرسینەوە و پشکنینی هاوڵاتیان یان چوونەژوورەوە بۆ ناو شوێنە تایبەتیەکانی ئەوانیان نییە.

–دەبێ پزیشکی دادوەری و ئەو دامودەزگا پسپۆڕو تاقیگە هونەری و زانستی و پزیشکیانەی کە توێژینەوەی بەڵگەنامە بابەتیەکانی تاوانیان لە ئەستۆیە، سەربەخۆبن لە پۆلیس و دامودەزگا یاسا سەپێنەکان. ئەم دامەزراوانە دەبێ سەر بە دادگاکان بن.

–مەرجەعی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی کە لە دژی پۆلیس دەکرێ دەبێ دەزگایەکی جیاواز بێت لە پۆلیس و هێزە یاسا سەپێنەکان. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دەزگایە دەبێ بە ئاشکرا بەهەمووان ڕابگەیەنرێت.

-هەموو کەسێک دەبێ بە ئاسانی بتوانێ دەستی بەو دۆسیە و زانیاریانە ڕابگات و بیانخوێنێتەوە کە هێزەکانی پۆلیس لەسەری کۆیان کردۆتەوە.

-یاساکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و باشبژێوی و تەندروستی گشتیی هەلومەرجی ژیان و چالاکی ئابووریی زیندانیانیش بگرێتەوە.

-بەرێوەبردنی زیندانەکان دەبێ لەئەستۆی کۆمەڵە دامەزراوێکی جیا لە پۆلیس و هێزە یاسا سەپێنەکان بێت و لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی دەزگای دادوەریدا بێت.

-لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە بەپێی لێکدانەوەی خۆیان و لەسەر بڕیاری خۆیان، تەنانەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتریش، سەردانی زیندانەکان بکەن و بیانپشکنن



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# دیمانە لەگەڵ ژیان مۆبیرگ سەبارەت بە هەشتی مارس و سەرچاوەی کێشەکانی ژنان و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕاگەیاندن...

## سازدانی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



هەشتی مارس ڕۆژێکی ناسیاو و مێژووییە، ڕۆژێکە کە بەرهەمی ڕەنج و ئازار و خوێنی چەندین میلیۆن ژنە لە سەرانسەری جیهاندا، بەرهەمی تێکۆشانی ژنانێک کە ئازایانە و بوێرانە و بە دەنگی دلێرانەوە هاتنە نێو گۆڕەپانی شەڕ دژی نایەکسانی ڕەگەزی و نادادپەروەریی کۆمەلگە جیاوازەکان و بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی، دادپەوەری، ئازادی و سەرجەم مافە ڕەواکانی خۆیان کە بە ڕەگەزی پلە دوو و بوونەوەرێکی ناتوانا و ناتێگەیشتوو ئەژمار دەکران.

هەشتی مارس دەرفەتێکە بۆ هەمووومان کە جارێکی تر بە بیرمان بێتەوە لە سەدەیەک کە بە سەدەی بیست و یەکەم ناودێر کراوە و مرۆڤ زۆر پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی هزری و ئاوەزی بەخۆی بینیوە، بەڵام هێشتا لەم جیهانە مۆدێڕنەدا ڕەگەزێک کە لەسەر ئاستی جیهان و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بە نیوەی کۆمەڵگە و تەواوکەری کۆمەڵ ئەژمار دەکرێت، هێشتا مافەکانی پێشێل دەکرێت و تاکوو ئێستاش لە زۆر بوارەوە پەراوێز خراوە، هەنووکەش بە ناوی شەرەفەوە دەکوژرێت و بە شێوەی جۆراوجۆر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەچەوسێتەوە.

بۆ پێشەوە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ساڵ و ڕۆژە مەزنە دیمانەیەکی لەگەڵ خاتوو (ژیان مۆبێرگ) سازکردوە خاتوو ژیان لەساڵی ١٩٦٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە و ئێستا لەوڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیەو وەک پەیامنێری کار بۆ کەناڵێک دەکات کەلەڕابردودشدا هەمیشە ئەرک و ڕۆڵ و پێگەی دیاری خۆی هەبووە لەهەر کۆمەڵگەیەک لێی ژیابێ بۆنمونە پێشتر خاوەنی کۆمپانیای وەرگێڕی و ڕاوێژکاری یاساییبوە لە وڵاتی دانیمارک و کاری نواندنی کردووە لە چەند فیلمێکدا وەک (لێت دەگەڕێم بڕۆیت، ئەسمەر، زینب) کە لەهەرسێ فیلمەکە پاڵەوانی فیلمەکە بووە کاری نمایيش و ستایلش (فێرکردنی خەڵک کە چۆن جل و بەرگ هەڵبژێرێت بەپێی شێوەو ڕەنگ و کەسایەتی و تەمەن) دیزاینەری ئێکسسواریش بوە وە تا ئێستاش جارجار خۆمی پێوە سەرقاڵ دەکات بۆپێشەوە لەمیانەی ئەو دیدارەیدا لەگەڵ خاتوو ژیان چەند پرسیارێکی ئاراستە دەکات سەبارەت بەهەشتی مارس و ڕۆڵی ژنان و ئاستی توندتیژی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕۆڵی حکومەت و پەڕلەمان لەکەمکردنەوە توندوتیژی دژی ژنان...

*******************

**بۆپێشەوە: خاتوو ژیان ڕۆژی هەشتی مارس چی دەگەیەنێ لای تۆ؟**

**ژیان مۆبێرگ:** بە بڕوای من هەشتی مارس پێویست ناکات وەکو سیمبۆلێک بۆ ئافرەتان بەکاربهێندرێت، چونکە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی هەر مرۆڤێکە، چ ئافرەت بێ یاخود پیاو. ئەم جیاکارییە هانی زیاتر و زەقتر بوونەوەی پرسی ئافرەتان و کێشەکانی دەکاتەوە. جا بۆیە بڕوام وایە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی هەموو مرۆڤەکانە.

**بۆپێشەوە: ئایا ڕێکخراوەکانی ژنان توانیویانە هیچ ڕۆڵێکیان هەبێ لەکەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان؟**

**ژیان مبێرگ:** من پێم وایە کە ڕێکخراوی ژنان هەوڵیان داوە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڵە لەبەرئەوەی ئەوان پێیان وایە کە توندوتیژی بەرامبەر ژنان تەنها لەلایەن ڕەگەزی پیاوەوەیە وە ئەوەش زۆر هەڵەیە، هۆکاری سەرەکی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەگشتی ڕیشەی لە سیستەمی قازانج پەرستی سەرمایەدارییدایە و دەسەڵاتە ڕەنگاو ڕەنگەکان، دەیانەوێت ژنان بێ دەنگ و بێماف بن و هاوکاتیش تواناییەکانیان بەخۆرایی لە خێزاندا وەکو ماڵداری و پەروەردەی منالٚ، بەجێ بگەیەنن. لەکارکرنیشیدا موچەیان نابەرابەر و کەمترە لە موچەی پیاوان... دیارە شتی تری زۆریش هەن تاڕادەی ئەوەی دەشێت بەهۆی ئافرتێکی دیکەوە ژن ئازاد بدرێت... بۆ نموونە کاتێک کە ئافرەتێک ئازار دەدرێت چ جەستەیی بێت یان دەرونی بەهۆی قسەو ڕەفتاری ئافرەتێکی دیکە، بەڵام ئەمە ناتوانێت ئۆباڵی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی وئابوری وەکو بەرپرسی یەکەمی ستەمی سەر ژنان، ئازاد بکات.

ئەمە ئەو نەریتەیە کە لە کۆمەلگەی کوردیدا باوە. با لێک نەشارینەوە کە ئافرەتی کورد و بگرە زۆربەی نەتەوەکانی تر خەسلەتی ئیرەیی بردنی بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئافرەتی تر هەیە. جا بۆیە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێویستە سەرەتا کار لە ڕێگری لە خولقاندنی کێشە و سەرچاوەکانی بکەن، و دواتر بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەن.

**بۆپێشەوە: لەڕۆژی ٨ی مارس چی کراوە بۆ ئافرەتان؟**

**ژیان مۆبێرگ:** ئەوەی من بینیومە ئێوەش بینیوتانە. کۆمەلێک ڕۆتین و مەراسیمی بێ کەلک کە تەنها هۆتاڤە و هیچی تر. دیقەت بدەن دەبینن کە هەر ساڵ مەراسیمی گەورە و بەشداری کردنی کەسانی سیاسی و حیزبی دەکرێ، بەڵام هەمیسان ئاماری جیابوونەوە و لێکترازانی هاوسەرەکان زیاتر دەبێت، هەروەک چۆن لە سالی 2019 لە کۆی 9 مانگی کۆتایی سال 800 کەیسی لێکجیابوونەوەی هاوسەران هەبووە. بە بڕوای ئێوە ئەمە ئامانجە یان کەمکاری؟

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ڕاگەیاندن چۆنبووە لەبەرامبەر ئافرەتان؟**

**ژیان مۆبێرگ:** ڕاگەیاندن ئەوەندەی کە فریای زەقکردنەوە و ڕاهێنان مێشک و گوێی خەلک لە سیاسەتە، فریای پرسی وەها ناکەوێت کە بتوانیم یەکسانی جێندەری و ڕەگەزی بکاتە پرسێکی جدی و ئامانجدار.

ئەمە جگە لەوەی کە لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا ئافرەتی ڕاگەیاندنکار وەکو ئامرازێک و کارتی فشار بەکاردەهێندرێت.

**بۆپێشەوە: ئایا حکومەت و پەرلەمان ڕۆڵیان چۆن بووە لەبەردەم هەموو توندوتیژیانەی بەرامبەر بەئافرەتان ئەکرێ؟**

**ژیان مۆبێرگ:** لە ڕاستیدا ڕۆلی حکومەتی هەرێم و کلتوری کوردی دوو پرسی کاریگەرن لە گۆرینی دۆخی ئازادی و دەستڕۆیشتوویی ئافرەتان لە کۆمەلگاکەمان. لە کەسمان شاراوە نییە کە لە زۆربەی کوچە و کۆلانی کۆمەلگەی کوردی هەتا ئێستاش ژن کوژی، ژن بە ژنی، شاردنەوەی خۆسوتاندنی ژنان، سەربەهەوێ چوون و دەیان مۆدێلی تری دژی ئافرەتان هەیە. پرسەکە لێرە ئەوەیە ئاخۆ حکومەتی هەرێم تا چەند توانیویەتی ڕێگری لە توندوتیژییەکان بکات و بەرەنگاری مافی ئافرەتان بێت. بە بڕوای من ئەوەی کراوە مادام نەبووەتە تیغێک بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کەوابوو وەکو پێویست کاریگەر نەبووە.

**بۆپێشەوە: بۆچی دەبێ تەنها ڕۆژێک هەبێ بۆ ئافرەتان؟**

**ژیان مۆبێرگ:** هەروەک لە قسەکانی پێشوترم ئاماژەم پێیان کرد، لە فەرهەنگی مندا هەموو ڕۆژێک کە ڕۆڵی خۆمی تێدا دەبینم، ئەو ڕۆژە بە هی خۆمی دەزانم. پێویستە هەر دایکێک، کچێک، خانمێکی کورد، لە ڕۆژژمێری سالانەدا هەموو ڕۆژێک، بەهی خۆی بزانێ، هەموو ساڵێک لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ ڕێز گرتن لە 8 ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراو جۆر لە لایەن ژنانو ئینسانە ئازادیخوازو بەرابەری خوازەکانەوە بەڕێوەدەچێتو پێشوازی لەو ڕۆژە دەکەن. ژنان لەم ڕۆژەدا خوازیاری نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزیو ئاپارتایدی جینسیو هەروەها خوازیاری مافی یەکسانی ژنو پیاون. مێژووی 8ی مارس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سەدەی نوزدەهەمی زاینی کە لەم ڕۆژەدا واتە 8 ی ساڵی 185دا ژنانی کرێکاری کارخانە قوماشی شاری نیویورک لە ئەمریکا دەستیان دایە خەباتو چالاکی نواندنو نارەزایەتی دەربڕین بەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژیان. نالەباربوونی بارودۆخی ژیان و کار حەقدەستی کەم، ئەرکی بەخێوکردنی منداڵانو سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵگەی پیاوسالاری دۆزەخێکی ترسێنەری بۆ ژنانی کرێکاری نیویورک خولقاندبوو. نارەزایەتی دەربڕینی ژنانی کرێکاری نیویۆرک لە 8 ی مارسی ساڵی 1857 بەرانبەر بەو هەموو هەڵاواردنو ژێر چەپۆک بوونە هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی ماشینو کەرەسەی کاری دنیای سەرمایەداری کە ژنانی بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر کێشابوو پانتایی کارەوە لە دەرەوەی ماڵ. مێژووی خەباتی ئەم ژنە کرێکارانە لە بیرو هزری ژنانی ئازادیخوازدا زیندوو مایەوە.

**ئامادەکردنی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



## بۆ لینین

**هۆنراوەی: هێنریتە ڕۆناڵد هۆلست**

**وەرگێرانی: ئەحمەد جوانکار**

تۆ ... ئەی چاوی پڕ پڕ

لەباوەڕو ..

سەرکردە مەزنەکە ... لینین.

لەپێش هەمووشتێکەوە.

تۆ ... ڕووت وەرگێڕا

بەرەو ئەو زەویانەی ...کە یەشتا

نەکێڵراون و

خۆر لێیانەوە هەڵنەهاتوەو

مرۆڤایەتی پێیان نەگەیشتوە

بەرلەوەی ...

زریان هەڵکا .... بەهۆشیاری وبەئاگاوە،

بەناو باهۆزەکاندا

تۆ کەشتییەکەت، بەرەو ڕێگەیەکی ئارام برد

هەتا

ئەو ڕۆژەهات .. تۆ

بەباوەڕەوە

قسەوباسەکانت دەکرد

کەهێشتان .... زۆر زوو بوو.. بۆ هاورێکانت،

کارو دڵسۆزی و

وەفاداری و

دەستە بەهێزەکانی تۆ،

بروسکەو چەخماخەو

هیوای بە ناخی .. هەمووماندا هانی

ڕەوتی ژیانی بەکەناری

ئارامی و ڕاستییەکاندا گەیاند

خەندەکانت وتیان: هیچ شتێ ... بەبێ

هەوڵدان و تاقیکردنەوەو .. بەبێ

جەربەزەیی بەدەست نایە

گەر ژیانی خۆتیان ... بۆ نەخەیتە

خەتەرییەوە



## من لەتەرەفی ئاوبوم

**حەکیم میرزا**

دەستم بۆناخرێتەوە سەردڵم و

گرێ کوێرەی ئەم ئائۆمێدییە

حەپەساوەم

بۆناکرێتەوە

ویستم بەئیوارەیەکی سەرسپی بلێم

ئەگەر دەتوانیت دوگمەی

ستیانەکەت بترازێنە

با بەهەوەستی ئەم تەنیاییەی خۆم

هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشم و

کەمێک ئامۆژگاریت لێوەرگرم

گوێم لەبانگی عیشایەو هەموو

گیانم

مووچورکەی پیادێت

وەک ئەوسا سەرم لەهیچ

بێتاقەتیەک دەرناچێت

ناتوانم بەژنەکەی دراوسێمان بلێم

ئەگەر چویت بۆسەر قەبران

سەبەتەیەک ئاهی سەرم لەگەڵ

خۆتا بۆبێنەو

کەمێکیش هەناسەی خۆتی

پیابپرژێنە

نەبا لەرێگا بابیبات

من لەتەرەفی ئاوبوم

بەجوملە تەنیاییم دەفرۆشت

بەدانە مردنم هەراج دەکرد

دەرویشانە دڵداریم لەخوا دەکرد

زەردەخەنەم لەسەرلێوان هەڵدەخست

قردێلەم لەپرچی گۆرانیە ماتەکان

ئەدوا

تاقوتابخانە ڕەوانەم دەکردن

ئەوسا لەتەرەفی ئاوبوم

هەموو ساڵێک دووجار قورئانم

خەتمدەکرد

ئاوێنەم لەسەر سوچی هەموو

کۆڵانێک دادەنا

چۆلەکەم فێری گەمەی مردن دەکرد

مردووەکانم بەئاگا ئەناسان

دڵی سۆفیەکانم بەدار

ئەرخەوانەکاندا

هەڵدەواسی

ئەوسا کراسەکەم بەوتوکراوی

لەبەردەکرد

رقم لەپێڵاوی ڕەشبوو

ئەمدەزانی رێگاکانی گۆڕستان

دەچێتەوە

سەرکوێ

ئێستا پێش ئەوەی پیاسەیەک بەناو

جەستەی

خۆمدا بکەم دەبێت ڕوخسەت

لەمردووەکان

وەرگرم

نازانم بۆنامەوی تێبگەم کەژیان

گەمەیەکی

پێکراوەو دەبێت لەشەقامێکی

جەنجالدا

دەستی بگریت و بیپەرێنیتەوە

بۆئەوبەر

کراسەکەم بۆلەبەر ناکرێت

ناتوانم بچمە بەر ئاوێنەکەو

دەمووچاوم

بشۆم شانەم بۆناگیرێ

بەدەستمەوە

هەناسەی قوڵم بۆ هەڵناکێشرێ

ئەوسا لەتەرەفی ئاوبوم

حەزم لەسەفەر نەدەکرد بۆ

شارەکانی

تەنیایی

کەباسی شەمەندەفەریان بۆ دەکردم

ئەژنۆکانم دەکەوتنە لەرزین و

سەرم گێژدەبوو

لەبەر خۆمەوە ئەمووت خودایە

من نەئەدرەویشێکم هەیەو نە

شوناسنامەیەکیش

شکەبەم تاپێ بپەرمەوەو

بۆئەوبەر

ماڵی ژیان

دەستم بۆناخرێتەوە ناوسنگم و

مۆمێکم

بۆ داناگیرسێنرێت

ئەوەی بەدوای مندا دەگەڕێت

باڵەم دەرگایە نەدات

من مردوم کەسیش نازانێت لەکوێ

نێژراوم

ئەوسا لەتەرەفی ئاوبوم

ئێستا بەدیار ئاگرێکی

دڵرەقەوە دالغە بەتەنیایەوە

لێدەدەم



**گۆشەی ئەدەب و هونەر**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە. یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات…

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**



## دۆی هەناران

**ئارام حەسەن**

26 ساڵ پێشتر، بەدەم پیاسەکردنەوە کورەکەی مامم گوتی:

ـ "ئا با بچین سەرێک لە مام ڕەمەزانی دراوسێمان بەین، ماوەیەکە زۆر نەخۆشە"

ـ "چیەتی؟"

ـ "نازانم، ئەڵێن قەت خەوی لێناکەوێ و ئەو شتانە"

دڵیم نەشکاند، کاتێک چووینە ژوورەوە، بینیم وا مام ڕەمەزان لە نێو کوڕ و کورەزا و خوشکەزاکانیدا لەسەر گازەرەی پشت لێی پاڵکەوتوە، پیاوێکی ئەسمەری سمێڵ ئەستووری خرپەڵیش، کە تەمەنی هەروا پەنجا ساڵێک دەبوو، پێدەچوو هەر ئەو ڕۆژە سەرو سمێڵی ڕەش کردبێتەوە، بە چاکەت و پانتۆڵێکی نیللی و بۆینباخێکی سوورەوە، لە ژوور سەری مام ڕەمەزان بە چۆکدا هاتبوو، پارچەیەک لۆکە بە دەستی ڕاستیەوە بوو، ناوەناوە لە ئاوی نێو زێرپیاڵەکەی هەڵدەکێشا و دەیهێنا بە نێوچاوان و ڕوومەتی مام ڕەمەزاندا، دیمەنێکی سەیر بوو بۆیە بە هێواشی لە کوڕە مامم پرسی:

ـ "ئەو پیاوە چیە، ئەی ئەوە چیە لەو زێرپیاڵەیا؟"

ـ "چووزانم، بەڵام بیستومە حەکیمیان بۆ گرتوە بە 1500 دینار"

[[ئەڵبەت مەبەستم دیناری سویسری ئەو ڕۆژگارەیە]]

ـ "ئاخر بەچی چاکی ئەکاتەوە، بە ئاو؟"

ـ "وسبە کورە، تۆ هەقت چیە، حەیامان مەبە"

چونکە منیش بە خەم حەیاوە نەبووم، ڕوومکردە کابرای حەکیم، دەنگم بڵندکرد، پرسیم:

ـ "بێزەحمەت ئەوە چیە لەو زێرپیاڵەیا؟"

وەک بەرازێک، کە بیەوێ بە زۆر ملی خۆی بسوورێنێ ڕووی تێکردم، بە چاوە ڕەش و باشقەڵەکانی خێسەیەکی لێکردم، گوتی:

ـ "گۆگردە!"

ـ "جا گۆگرد کوا شلە؟!"

ئیتر ئەوەندەمزانی شتەکانی خستەوە نێو جانتا ڕەشەکە، هەستایە سەرپێ، بە دەم ڕۆیشتنەوە گوتی:

ـ "ئەمرۆ بەسە، سبەینێ سەری لێ ئەیەمەوە"

کەسوکاری مام ڕەمەزان هیچیان پێنەگوتم، بەڵام کورە مام چروچاوی خۆی گرژکرد، گوتی:

ـ "باشە تۆ هەقت چیە بەسەریەوە، گۆگردە یان تەرەماشە، ئاخر بۆ قسە ئەکەی لە خۆتەوە، بۆ دەمی خۆت ناگری"

ـ "ئێ کاکە وەڵلا گۆگرد شل نیە، ئەمە قوڵبڕە، بەناوی حەکیمەوە پارە ئەکێشێتەوە، دە تۆ پیاڵەیەک عارەقی بەنێ بزانن سەد ئەوەندەی ئەو گۆگردە چاکتر نیە، وەڵلاهی چاکی ئەکاتەوە"

کتوپڕ یەکێک لە خزمەکانی مام ڕەمەزان کەوتە قسەکردن، ڕووی کردە من، گوتی:

ـ "دکتۆر و شێخ و مشایەخی دنیامان پێکرد، هەموویمان تاقیکردەوە، شەربەتی ئەو عارەقەش تاقی بکەینەوە"

ـ "نە کاکە، بەخوا گاڵتەم کرد، هەروا هات بە دەمما، عارەقی چی و شتی چی"

ـ "شتی وا نیە، بەخوا بەخوا، ئەبێ عارەقیش تاقی بکەمەوە"

ڕۆژی دواتر، کورە مام هاتەوە بۆلام، گوتی:

ـ "برۆ عارەق پەیاکە"

بۆ لاپەڕە...13

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# دەمە تەقێ

## گفتوگۆی هونەرمەند کاوان قادر لەگەڵ نووسەر و ڕۆمان نووس ئارام حەسەن



**کاوان قادر: مارتین نایمۆلەر بە هۆنراوەیەک لە یەکێک لە یادەوەرییەکان بۆ هۆلۆکۆست کە جینۆسایتی جولەکەکان بوو لەسەر نازییەکانی ئەڵمانیا نوسیویەتی و دەڵێت :**
**یەکەمجار هاتن بۆ کۆمۆنیستەکان دەنگم هەڵنەبڕی چونکە کۆمۆنیست نەبووم**
**هاتن بۆ جولەکەکان دیسان دەنگم هەڵنەبڕی، چونکە جولەکە نەبووم**
**هاتن بۆ نەقابیەکان دیسان دەنگم هەڵنەبڕی، چونکە نەقابی نەبووم**
**هاتن بۆکاثۆلیکەکان دەنگم هەڵنەبڕی، چونکە پڕۆتیستانت نەبووم**
**دواجار هاتن بۆ خۆم لەو کاتەدا کەسێک نەمابوو دەنگ بۆ من هەڵبڕێ.**
**لەسەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ئەم تێکستە و ڕۆڵی جەماوەری خەڵکی بێدەرەتان لەبەرامبەر ئەم ناعەدالەتی یەدا بەتایبەت دوای دۆسیەی ٦ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەر ٥ ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی و ناڕازی هەولێر و بادینان لەلایەن کابینەی ٩ بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی ، تۆ وەک نووسەرێک چی دەڵێیت، دەیانەوێت چی پەیامێک بە خەڵکی بدەن؟**
**ئارام حەسەن:**
ئێ وەختی خۆیشی ئاغاو دەرەبەگەکان هەر هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کردوە، خۆ ئەمەی کوڕەکەی مەسعود بارزانی کردی، نە پەیامێکی نوێیە، نە داهێنانێکی تازە، ڕێک لاسایی هەمان ئەو ئاغایەی کردەوە، کە وەختی خۆی بێحورمەتی نەما بە خەڵکی بێدەرەتانی نەکا، بەڵام وەختێ زانی ئەوان هەر بێدەنگن، ئەنجا لەکاتی ڕاوکردندا دوو جوتیاری لەگەڵ خۆی دەبرد، کە دەبوو شانبەشانی تانجیەکان بەو هەموو هەرد و کێوەدا ڕابکەن. بەداخەوە، جەماوەری خەوخۆشی باشوور ئەوە ٣٠ ساڵە، وەها پەرت پەرت کراون، وەها قاش قاش و دابەشکراون بەسەر پێخەفی حیزبەکاندا، کە نەک لەسەر ئەو نادادیەی بەرامبەر بەو چەند ڕۆژنامەوان و چالاکوانە ناڕازیەی بادینان کرا.. وەخەبەر نایەن، بەڵکو هەتا یەک بە یەک نەخزێنرێنە گونج و زێراب و قوژبنی زیندانەکانی پارتی و یەکێتیەوە بەخەبەر نایەن.

# سەمای بالیە یاڕۆشتن بەهەناسەی با

**نووسینی: جەمال نوری**

ئەم تابلۆیەی دەیبینن یەکێکە لەو تابلۆیانەی "کریستینا مانزۆنی" هونەرمەندی ناسراوی فەرەنسی، ئەم خاتوونە سەلیقەییەکی باشی هەیە لە وێنەو تەواوی تابلۆکانی بۆ وێناکردنی ژن تەرخانکردوە ، واتە بەرێگای هونەرەکەی دەیەوێ خزمەت بە فیمینیزم بگەیەنێ کە لەتەواوی جیهاندا بڵاوبۆتەوە،

کریستینا جیاواز لەهونەرمەندە شێوەکارەکانی پێش خوی و ئێستا ئەو لەم تابلۆیەدا دەیەوێ پێمانبڵێ بۆئەوەی هونەرمەندێکی باشت لێ دەربچێ دەبێ سەرەتای هەنگاوی یەکەمت لە بالیەوە دەست پێ بکە، چون بالیە جۆرە سەمایەکە دوو ڕەکیزی لەناو خۆیدا هەڵگرتوە، لەلایەک سەمایەکی ڕۆحی، بۆ پاکبوونەوەی ڕۆح لەو گوناهانەی بەهۆی جەستەوە بەری دەکەوێ ئەمە بۆ ئەو کەسانەی تەمەنی ڕوشدیان تێ پەڕاندوە بۆمناڵانی باخچەکان ئەوە زیاتر جەستەیان هاوکارە بۆ ئەوەی بتوانێ بەسانایی خەونی فڕینی خۆی جێبەجێ بکات.

ئەم تابلۆیە پێمان دەڵێ ئەم قاچانە لاقەکانی "کریستیا خۆیەتی کە لەیەکەم دەستپێکی ئیشکردنیەوە هەنگاوی پێ هەڵهێناوە، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە چووە بۆ بەدیهێنانی خەونی هونەری شێوەکاری، بەڵام سەرەتای دەستپێکی بە بالیە هێناویتی تا گەیشتوە بەم ئاستەی ئێستای هونەری شێوکاری و سەمای بالیە..

بالیە، جۆرە وەرزشێکە تەواوی جەستەی مرۆڤ تیایدا دەجولێ و لەگەڵ هەرجولەیەکی ئەندامەکانی لەشدا وەک ریتمێکی موزیکی وەهایە، بەتایبەت گەر کەسەکە لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا بێت لەسەر سەهۆڵ بەندان بە جەستەی سەمای بالیە بکات، بۆ هونەرمەند بەگشتی پێویستی بەوە دەبێت شارەزایی لەسەمای بالیەدا هەبێت، بەتایبەتی لەسەردەمی منداڵیەوە، چونکە ئەم سەمایە دنیابینی فراوانتر دەکات، باشتر دەتوانێت خەونەکانی بەرجەستە بکات، واتە هونەرمەند پێویستی بە جەستەیەکی نەرم و نیان و وەرزشی هەیە وەک جەستەی کارەکتەری کریستینا. بۆنموونە گەر تەماشای ئەم تابلۆیەی کریستینا بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە خودی هونەرمەند هاتوە وێنای قاچ و پاو و پوزی خۆی نمایش کردوە، هێندە بە دیقەت و وردەکاریەوە وێنای کردوە، بە وێنەیەکی فۆتۆگرافەر دەچێ، بەدیوێکی تریشدا ڕەنگە ڕەش و سپییەکەش کە بۆ تابلۆکە بەکاری هێناوە گەڕانەوەی بیروەریەکانی خودی



کریستینای هونەرمەندە بۆ یادەوەریەکانی ڕابردووی، واتە ئەو دەیەوێ بەگەڕانەوەی بۆ ناو دنیای ڕابردوو، وەک خوشیەکی ڕۆحی سوودی لێوەربگیرێ، چون ڕەوڕەوەی ژیان بەردەوام لەجولەدایە و پێیوستە هەنگاوەکانمان بۆ ئێستاو داهاتومان لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی بڕوات، تاوەکو بتوانین بەرپێیەکانی خۆمان جوانتر ببینین.

# هەڵەبجەیی لەڤیگەری تورەییەکانی

## ژەنەراڵی پایزدا ..!

**شروڤەی شیعر/جمال نوری**



کاتێک، دەبینی مرۆڤێک تورە دەبێ لەشتێک ڕەنگە بەلاتەوە سەیربێ، ئەو بابەتە هێند ناهێنێ کەسێک تورە ببێ لەسەری، بەڵام بۆ دنیای ئەدەب و نوسین جودایە، فرۆید لەکتێبی شارستانیەت و نیگەرانیەکانی دا دەڵێ شارستانیەت سەرەتا لەوەوە دەستی پێکرد، کە یەکەمجار مرۆڤ لەو چرکەساتەی تورە دەبێ، لەجیاتی ئەوەی تورەبوونەکەی زیان بگەیەنێ ئەوا جێگیر بوونی خۆیی تیا دەبینێتەوە ئەویش لەجیاتی بەرد بگرێتە بەرامبەرکانی لەکاتی تورە بووندا وشەی تێگرت و بەکاری هێنا، واتە ئەمێستا کتێبەکان ئەرشیفی تورەییە دامرکاوەکانی نوسەرەکانیانە، هەرچەندە هەندێکجار نوسین رێگایەکە بۆ پاراستنی خود لەتورەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نیە، واتە ناکرێ تا ژیان بەردەوام بێ، هەتا چەوسانەوە بوونی هەبێ، هەتا وەکو نەفسیەتی مرۆڤەکان و بەرژەوەندیەکانیان جیاوازبێ، ئەوا تورەبوون دەبێ بوونی هەبێ، ئەو دەمەی نوسەرێکت بینی لەنوسینەکانیدا ئارام و دانی بەخۆدا گرتوەو بێ دەنگ دەمێنێ و تورە نابێ و نانوسێت، ئەوا بەدڵنیایەوە، بەرەو پوکانەوە لەناوچون دەچێ.

لە نێوان »تووڕەیی «و »نووسین«دا پەیوەندییەکی سەیر هەیە؛ هیچ نووسەرێکی گەورە، بەبێ تووڕەیی، ناتوانێت بنووسێت؛ و بەبێ نووسین، ناتوانێت لە پشت تووڕەیی خۆیەوە دەرکەوێت. هەرچەندە هەندێکجار، نووسین ڕێگایەکە بۆ پاراستنی خود لە تووڕەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نییە بۆ دامرکانەوەی.

بابزانین چەمکی تورەیی لای مەحوی شاعیر چۆن گوزارشتی لێکردوە لە شیعرە تەسەوفیەکانیدا.

لەجێگایەک مەحوی شاعیر، کەدەکەوێتە بەر قسەو قسەلۆکی ناحەزو بەدەکانی، ئەو کەسانەی کە لەئێرەیی بردن بە مەحوی قسەی ناڕەوا یان خستۆتە پاڵی، بەڵام لای مەحوی جێگای بایەخ و گرنگی نەبووە، چون بەر لەوان مەحوی خۆی باش خۆی ناسیوەو خۆی لە دنیاش باش تێگەیشتوە، وەک لەم بەیتە شیعرەیدا ، سەرزەنشتی خۆی تیا دەکات بەڕوونی دەڵێ:-

شوکر هۆشیارە مەحوی تێدەگات دنیا خەراباتە

کەبەد مەستی بکا ئەهلی خراپەی بۆچی لێ دەگرم

مەحوی لەبەرامبەر ئەهلی خراپەکاراندا کە هیچ کەڵکێکیان نییە، نە بۆخۆیان و نەبۆ ژیان.

بابزانین تورەیی حەسەن هەڵەبجەیی لە شعری کۆمەڵگەی عاردا چی تەوزیف دەکا.. خوێنەران و هەوادارانی شعرو ئەدەب بەگشتی کاتێک ئەم شیعرەی حەسەن هەڵەبجەیی دەخوێنێتەوە کە بۆ چلەی حەمە عومەر عوسمانی هاوڕێی شاعیرمان نوسیویەتی و بەزمانی ژەنەڕاڵی پایزەوە، لەتورەیی حەمە عومەر دەدوێ تورەییەک کەبەر لەمەرگی بەنامەیەک نووسیونی و دەیداتە دەست هەڵەبجەیی تا دوا پەیامی حەمە عومەر بگەیەنێ، لەڕاستیدا ئەم نامە شیعریە کەلێوان لێوە لەهەستە باڵاکانی شاعیر خۆی واتە ئیحساس و ڕادەی هوشیاری و وەفایی، هەستکردنی هەڵەبجەیی یە بەو غەدرە مێژوویی و کەلتوری و فەرهەنگییە کە لە ئەدەب و شیعریان کرد لەناو کۆمەڵگەو حوکمڕانانی کوردیدا کە هەر نەیانتوانی بهێڵن حەمە عومەر وەک ڕەمزو سیمبولی سلێمانی و بەڕێگا ڕۆشتن و هەڵس و کەوت ئاسایی خودی شیعر بوو...

بۆ لاپەڕە...13

# عەبدوڵا مەحمود لەوەڵام بە پرسیارێکی ماڵپەری ئەلتەرناتیڤی شوراییدا، سەبارەت بە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و دادگایی گیراوەکانی بادینان...

ئەلتەرناتیڤی شورایی: چۆن دەڕوانە ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان و دادگاییکردنی ڕۆژنامەنوس و چالاکوانانی بادینان؟

عەبدوڵا مەحمود: سەرەتا دەبێ ئەو چەمکە لەیاد نەکەین، کە ئازادی واقعی تەنها لە کۆمەڵگەیەکدا، دەتوانێ بە شێوەی واقعی ببینرێت و پیادەبکرێت، کە خودی ئەو کۆمەڵگەیە ئازاد بێت. بەستنەوەو گرێخواردنی ئازادی و مافەکانی ئینسان، بە خاوەندارێتی تایبەتیەوە، چوارچێوەی لە قاڵبدانی ئازادی و مافەکانە و خاڵی کردنەوەی کۆمەڵگەیە لەماف و ئازادییە واقعییەکان.

ئازادی ڕادەربڕین گۆشەیەک یان لایەنێک لە پرسی ئازادی و ئازادییەکانە بەشێوەی گشتی... بۆ ئەوەی بزانین ئازادی ڕادەربڕین لە چ ئاستێکدایە، دەبێ بزانین پرسی ئازادییەکان بە شێوەی گشتی لە چ ئاستێکدایە و کۆمەڵگە چەندە ئازادە.

لە کوردستاندا، بەشێوەیەکی گشتی وا دێتە بەرچاو ئازادی بیروباوەڕ، بەیان و کۆبونەوە، چاپەمەنی و خۆپیشاندان، ئازادی ڕەخنەگرتن تاد، هەیە... سەرانی حزبەکان و نووسەر و قەڵەم بەدەستەکانیان دەڵێن، ئەوە نییە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، کۆڕو سمینار، بایکۆت و کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان، سۆشیال میدیا هەیە. ئەمانەش وەکو دەستکەوت و بەوێنەی ڕووی دیموکراسی و لایەنی جوانی دەسەڵاتی کوردی وێنا دەکەن. بەجێگای شانازی دەزانن و ڕۆژانە دەیدەنەوە بەرووی کۆمەڵگە و ڕەخنەگرانی دەسەڵات و سیستەمی سیاسییدا.

بێگومان ئەگەر کەسێک بوونی ئەمانە بکاتە پێوانە بۆ بوونی ئازادی، ئەوا کوردستان، لە لوتکەی سەرخەوتە مەندی لەماف و ئازادییەکاندا، دەبینێ. ئەمەش تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگەی کوردستان و زۆر کۆمەڵگەی ترە کە وا دێتە بەرچاو ئازادی و مافی پراکتیزەکردنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، تیایدا ئازادانەیە.

لەلایەکەوە دەیان و سەدان ڕۆژنامەو گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، کۆبونەوە و نارەزایەتی، و لەلایەکی تریشەوە نووسەر و ڕۆژنامەنوس هەڵسوراوی سیاسی و مەدەنی و لەسەر چات کردن و کۆمێنت نووسین و وتارێکی ڕەخنە ئامێز و خستنەڕووی فایلێکی تاوانکاری دزی و تاڵانی. توشی گرتن و ڕفاندن و تیرۆر دەبێتەوە... ئەمە واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان و زۆر جێگای تری دنیاشە، کە دەسەڵاتدارەکانیشی تا بڵێی داوکەتوو، بنەماڵەیی و دیکتاتۆر، و دژی دیموکراسی و مافە زۆر سەرەتاییەکانی ئینسانن. کەچی ئەم کەشەش هەیە... هۆکاری ئەمە چییە؟ ڕیشەی ئەم واقعیەتە لە چیدایە؟

ئایا بەڕاستی بوونی ئەو هەموو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە، گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆڕ و سمینارات و خۆپیشاندان و بایکۆت و سۆشیال میدیایە... ئازادی نییە؟ ئەمە پرسێکە زۆر کەم لەسەری وتراوە، تا ئەورادەیەی دەتوانم بڵێم نەوتراوە یەکێکی تر لە نەوتراوەکانە. هۆکار چییە، لە زۆر شوێنی وەکو عێراق، کوردستان، دەسەڵاتی بنەماڵەیی، تایفی و قەومی، ئیسلامی، دیکتاتۆر، هەن، کەچی ئەم کەش و دۆخەش هەیە، کە دەیان و سەدان نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر، حزب ولایەنی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری دەسەڵات، گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، میدیای هەمە ڕەنگ هەن... هاوکات لەگەڵیدا و کوشتن و ڕفاندن و زیندانی و تیرۆریش لەسەرشتی زۆر سادەی وەکو کۆمێنت نووسین، و چاتکردن، یان وتارێکی ڕەخنە ئامێز هەیە و دادگاو یاساش یان نین یان بوکەڵەیەکن بە دەستی دەسەڵاتەوە.

واقعیەت ئەوەیە، ئەمە بەرهەمی بوونی ئازادی و ڕێزگرتن لە مافە فەردی و مەدەنیەکان نییە، لە هیچ کام لە یاساکانی حزبە دەسەڵاتە بەدەستەکان و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایشدا نییە، کە ئاوا کۆمەڵگە لەلایەکەوە ئاوالا بێتە پێش چاو و لەلایەکی تریشەوە ترس لە سادەترین بەیان و ڕادەربڕێن، بە زیندانی و تیرۆر وەڵام وەربگیرێتەوە.

تێکەڵ بوونی کەشی ئاوەڵای سیاسی، نەبوونی یاسا و پیادەکردنی، وەکو بەرهەمی قوتبی نەبوونەوەی دەسەڵات، لەگەڵ پرسی ئازادی و بەرەسمی ناسینی ئازادی و مافە فەردی مەدەنیەکاندا، لەلایەن دەسەڵات و حکومەت و لایەنە سیاسیەکانیدا، بەرهەمی ئەم دۆخەیە.

لە کوردستاندا کەشی نیمچەکراوەی سیاسی هەیە، کە بەرهەمی نەبوونی قەوارەی دەوڵەتی، بەرهەمی نەبوونی حکومەت، بەرهەمی نەبوونی یاسا، بەرهەمی بۆشایی دەسەڵاتی حقوقی، بەرهەمی قوبی نەبوونەوەی دەسەڵات و لە بەرامبەردا بوونی چەند زۆن، چەند جغرافیا، چەند قەڵەمرەوی سیاسی پشت بەچەک بەستوو، چەند دەسەڵاتی دەرەوەی هەرێم و فەرمانڕەواو زاڵ بەسەر دەسەڵاتی زۆنەکانی هەرێمدا، بەرهەمی ناتوایی لە کۆنتڕۆڵی میدیا و ماس میدیادا، بەرهەمی دەسەڵاتی حزبی لە جێگای حکومەتی بە فەرمی ناسراو، بەرهەمی نا سەقامگیری سیاسی و نەبوونی پێناسەی حقوقی، بەرهەمی ناڕیاری ئایندەی سیاسی، بەرهەمی شلۆقی دەسەڵاتەکان،...تاد، هۆکاری سەرەکیی ئەو کەشە نیمچە کراوە سیاسییە، کە لە کوردستان یان هاوشێوەی کوردستاندا، لە گۆشەو کەنارەکانی دنیا هەیە.

لە کەشێکی ئاوادایە، کە هەرکەس و لایەن و گروپ و دەستەیەک بەپێی لەرزۆکی دەسەڵات لە زۆنەکاندا، هەم دەتوانێت نمایشی خۆی بکات و هەم پراکتیکی تواناییەکانی خۆی و هەمیش دۆخێک دروست دەبێت، کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەم بێت، لەوانەش کاری میدیایی... بۆرژوازی بەم کەشە دەڵێت، کەشی ئازاد و دەسەڵاتی دیموکراسی و نووسەر و قەڵەم بەدەستەکانیشی شانازی پێوە دەکەن. دیارە بەهەر ئەندازە دەسەڵات قوتبی ترببێتەوە، چەقی دەسەڵات ناوەندی تر بێتەوە، ڕادەی ئەم فەزا و کەشە کراوە، سنوردارتر دەبێت و ڕادەی سەرکوت و داپڵۆسین و پایماڵکردنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانیش زۆرتر دەبێت. لەزۆنی زەردا، کە پارتی تاک دەسەڵاتی جی بەجێکاری بێ ڕکەبارە، بەتایبەت لە بادیناندا، ڕادەی سەرکوت و کۆنترۆڵی دەنگی نارازییەکان و بلۆککردنی ئازادییەکان و لە قاڵبدانی مافەکان، زۆرترە. لە زۆنی سەوزدا، کە دەسەڵاتی یەکێتی تاک دەسەڵاتی بێ ڕکەبار نییە، و دەسەڵاتی سیاسی ناقوتبی و نا هاوهەنگ و شلۆقە، ڕادەی سەرکوت و پایماڵکردنی مافەکان، قورستر و جموجۆڵی نەیارانیشی بەرجەستەترە. ئەمەش بە هیچ جۆرێک بەمانای بوونی ئازادی نایەت و ئەم کەشەش خێر و سەدەقەی دەسەڵات نییە، بەڵکو ناتوانیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی.

لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتانەو ئەم کەشە ناوازەیە کە لەهەردوو زۆنەکەی هەرێم دا، هەیە و بەرهەمی ملهوری ئەمریکا و جەنگ و دابڕدابڕبوونی عێراق و خرۆشانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە، ئازادییەکان و ئازادی بیرورا، بوونی نییە، بەڵکو توانای کۆنترۆڵکردن لاواز و پڕ کێشەیە. لەناو ئەو بێ توانایەی دەسەڵات و کەشی لەکۆنتڕۆڵ دەرچوونی میدیاییدا، پەراوێزێک بۆ کاری حزب و لایەنە سیاسیەکانی نەیاری دەسەڵات، بۆ میدیاکاران، بۆ کۆبونەوە و مانگرتن و ڕەخنەگرتن دروست بووە، کە دەسەڵاتی سیاسی هەموو هەوڵی بۆ سەرکوتکردن و لە قاڵبدانیەتی و هاوکاتیش بۆتە یەکێک لە مەیدانەکانی بەرامبەرکێی دەسەڵات لەگەڵ



جەماوەری تینوی ئازادی. هەموو بوختان و تۆمەتەکان، سەرکوتگەرییەکان، راوەدوونان و زیندانی کردنەکان، تیرۆرەکان، هیرش بۆ سەر رۆژنامەنووس و نووسەران و رەخنەگرانی سیاسی دەسەڵات، هیرش بۆسەر رۆژنامەو گۆڤار و کەناڵەکانی راگەیاندن، سزادانیان... بەڵگەی حاشاهەڵنەگری سەرکوتگەری دەسەڵاتی حزبی و ناکۆک بوونیانە بە ئازادی و ئازادیەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان. بەڵام ئەگەر لەکاتی هاتن و سەرەتای دەسەڵاتیان، سەرکوتی شوارکان و دەنگە نارازییەکان، کوشتاری ژنان و هێرش بۆسەر ئازادی و مافە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان و کوشتنی خەونەکانی جەماوەی ڕاپەریوو بوو بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتیان، ئەوا لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ بەدواوە هیرش و ملهوری نواندنی دەسەڵات بۆسەر ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکان و بۆسەر نەیارانی دەسەڵات و رۆژنامەنووس و نووسەر و هەڵسوڕاوانی سیاسی، بۆ بەرگرییە لە پاراستنی دەسەڵاتیان، لەبەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، کە گەیشتووە بە خواستی راماڵێنیان.

کارنامەی ٣٠ ساڵەی دەسەڵات و هێرشی بەردەوامی بۆ سەر کەشی نیمچە ئاوەڵای سیاسی کوردستان و ئەو دۆخەی بۆ کاری سیاسی و میدیایی و ئازادییەکان رەخساوە، تا تیرۆری دەیان کەسایەتی سیاسی نەیاریان، تیۆری کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی چەپ، رۆژنامەنووسان، و دەستئاوەلاکردنی کۆنەپەرستی ئیسلامی و رەوتە سیاسیەکانیان، هێنان و داسەپاندی دەیان یاسای سەرچاوەگرتوو لە یاساکانی بەعس و شەرع و تۆمەت بەخشینەوە و دۆسیە سازکردنی بۆ نووسەران و هەلسوڕاوانی سیاسی و جەماوەری و نووسەرو رۆژنامەنووسان، بەڵگەی دوژمنایەتی دەسەڵاتە لەگەڵ ئازادی و ئازادییەکان و مافە زۆر سەرەتاییەکانی ئینساندا. لەو چوارچێوەیەشدا داخستنی چەندین رۆژنامە، هیرشی رۆژانە بۆسەر رۆژنامەنووسان، رفاندن و تیرۆر تا هێنانی چەندین پرۆژە یاسا!! بۆ کۆنترۆکردنی کاری میدیایی لە ژێر ناوی" ریکخستنی کاری میدیایی" ریکخستنی میدیای ئەلکترۆنی" کە لەئاکامی ڕووبەڕووبونەوەی دەنگی نارەزیەتی فراوان، پاشەکشەیان پێکرا، تا دەگاتە سزا قەرەقوشیەکانیان بۆ زیندانی ٣٠ ساڵەی کەمالی سەید قادر، تا بریاری سزای زیندانی ٦ ساڵ بەسەر گیراوەکانی بادیناندا و دۆسیە بۆ سازکردنیان، بە جیا لەسەرکوتگەری و دژایەتی ئازادی و ئازادییەکان، هاوکات نیشانەی نەبوونی هیچ یاسایەک و دادگایەکە کە کەمترین بەهای مرۆڤ ڕێز لێبگرێت یان بەرگری لە ماف و کاری نووسەر و رۆژنامەنووسان و نەیارانی دەسەڵات، بکات.

دیارە یاسا بەشێوەی گشتی، بە پێچەوانەی قسەکەرانی بۆرژوازی بۆ پاراستنی مافی تاکەکان و رێکخستنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو لە بنەرەتدا بۆ کۆنتۆڵکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی نیزامی سیاسی قازانج پەرستی چینایەتییە. لە وڵاتە تا رادەیەک پیشکەوتو و ناونراو بە دیموکراسیەکاندا، و لە ئاکامی تیکۆشانی بزوتنەوەی ئازادیخواز وئینسانیەکاندا یاساکان نەرمترن و بەلای لایەی دیموکراسی بیشکەی مافەکانی رادەژەنن و ناچارن لەپاڵ بە بەفەرز وەرگرتنی پاراستنی پایەو ستراکتۆری دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری. سەرمایەدا، بەهایەیەکی نیوە ناچلیش بە ئینسان ببەخشن و یاسا بۆ بەرگری لە بەشیک لە مافەکانیان، زامن بکەن... بەڵام ئەمە لە ژیر دەسەڵاتی رژێمە دیکتاتۆرو مەزهەبی و سەربازییەکاندا، یان لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیاییدا، هیچ جێگایەک بۆ بەها و شکۆی ئینسانی نییەو یاسا وابەستەیە بەسەرکوت و داپلۆسین و گرمۆڵەکراوە لەدەست حزبیدا، بۆ خەواندن و بێدەنگە پێکردنی کۆمەڵگە.

لە هەموو دنیای ناونراو و ناسراو بە دیموکراسیدا، تا ڕادەیەک دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری

لەیەک جیاکراونەتەوە، لە ژیر ساباتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، دەسەڵاتی جێ بەجێکار، دەسەڵاتی راپەراندنە کە حکومەت!! و لەراستیدا حزب و لەناو حزبیشدا، کەسانی دەسترۆشتوی بنەماڵەن... هەر ئەوەشە وا دەکای سەرۆکی حکومەت بەر لەدادگا، تۆمەتی تێکدەو و سیخوری بداتە پاڵ گیراوەکان و پاشانیش دەسەڵاتی داوەری کە دەبێ سەربەخۆ بێت، دەبێتە گوی لەمستی سەرۆکی حکومەت و بەهەمان تۆمەتی لە پێشدا بریارلێدراوی سەرۆک تۆمەتبار دەکرێن.

راگرتنی ٦ مانگ لە گیراوەکانی بادینان بێ دادگایی و بێ ئەوەی ڕێگە بدرێت کەس و کاریان دیداریان لەگەڵ بکەن، تاوانێکی زۆر گەورەیە بەرامبەر بە ئینسان و تەنانەت بە یاساش... لەوەش زیاتر تۆمەتبارکردنیان بەر لە دادگایی بە تێکدەر و سیخور و نۆکەری بێگانە... پوچی رۆڵی دادگا دەخاتە روو.

ئەوەی لە دادگایی گیراوەکانی بادیناندا روویدا، رووی راستەقینەی دەسەڵاتی میلیشیایی خستە ڕوو، ئەو راستیەی نیشاندایەوە، کە ئەم دەسەڵات و دادگایە. لازم و مەلزومی یەکترین، بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی رەشی بزوتنەوەی کوردایەتی و میلیشیاییەکەیان.

# شانۆی گاڵتەجاڕانەی پەچە بەسەر ئەندێشەی کچانی هەڵەبجە!

بەرەی دیاردەیەک کە مرۆڤ بەرەو هەڵدێری یەکجارەکی دەبات.

خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێت بە ئەزموون وەرگرتن لە خەڵکی کوردستانی ئێران کە ٤٢ ساڵە لە ژێر ڕەشترین و زاڵمترین دەسەڵاتی ئیسلامی خەبات و بەربەرەکانێ دەکەن، لە شەقام و کۆڵانەکانی شار دا ئێستاش کچان و ژنان دیاردەی فریدانی پەچەیان کردوە بە فەرهەنگی رادیکاڵی سیاسی خۆیان، ئەمە لەحالێکدایە کە رژیم هەموو رۆژێ بەفشار خستنە سەر ژنان لەو کۆمەڵگەیە، بە زیندان و شکەنجە، هێشتا ورەی خەباتگێری و کۆڵنەدان بووتە کرداری رۆژانەی بەشێکی زۆر لەژنان و کچانی ئێران و کوردستان، کەوایە بۆچی ژنان و کچانی کوردستانی عێراق دەرس لەم ئەزموونە بەنرخە وەرناگرن؟ بۆ دەبێت رێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان کاری جیدی و بەربڵاو لەناو تاکی کۆمەڵگە ناکەن؟

ئەوەی جێگای سەرنجە و دەبێت پێداگری لەسەر بکەین ئەوەیە کە، دیاردەی ئایین و هەموو ئەو کە لتووره سەقەتە کە لە ژیان و ئەندێشەی ژنان و کچان دا خۆی دەنوێنێ، دەبێت هەمووی ئەمانە برۆنە نێوماڵەکانەوەو، وە ک ئەمری تاک چاوی لێبکرێت، نەک ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لە شوێنەگشتییەکان، وەک زانکۆ و قوتابخانەکان ببێتە وانەی دواکەوتووی.

ئەوەی دەکەوێتە سەرشان و بەرپرسیاریەتی تاکی رۆشنبیرو رادیکاڵ، ئەوەیە کە، لە ناوندێکی رێکخراو کە بتوانێ سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خوی ڕاکێشێ و هەروەها ببێتە ئامرازێکی هوشیاریدەرانە کە بتوانێ بزووتنەوەی ژنان لە دەوری ئامانج و رێبازێکی ئینسانی کە ژنانی چەوساوەی ژێر دەستی ئایین لەو کویلەتییە ڕزگار بکات.

خەڵک نابێت هیچ چاوەروانییەک لەدەسەڵاتێک بکەن کە خۆی بەرهەمی دواکەوتوییەو بەنەخشەوە پەرە بە نەزانی دەدا، دیارە کاریگەری کۆماری ئیسلامی و دەخاڵەتی ئەم رژیمە هۆکارێکن بۆ سیاسیکردنی رەوتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان، دووکەڵی ئەم دیاردەیە کە ئەمرۆ لە شاری هەڵەبجە ژنانی قڕ کردوە، ئەگەر کاری چڕوپڕی بۆ نەکرێ، هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەگرێتەوە، هەرێمی کوردستان دەبێتە مۆڵگەی داعشی کۆماری ئیسلامی و ئایین دەستی باڵای دەبێت لە ناوچەکە.

ئەو حیزبانەی کوردستانی ئێران کە مەقەرو بارەگایان لەو هەرێمە هەیە، دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر خەڵک و هەروەها بەشێویەکی جیدی رەخنە لەدەسەڵات بگرن و بیری پێشکەوتووخوازی خویان بکەن بە ئامانج و کردارێک کە لە نێو تاکدا رەنگدانەوەی هەبێت، بەڵام وا دیارە تاکۆ ئێستا هیچ هەڵوێستێک لەم بارەوە نەگیراوە، یان لەوانەیە ئەمە نەبوەتە باسی میدیاو راگەیاندنەکانیان، یان بە ئەنقەست خۆیان لاڵ کردوە.

بزووتنەوەی ژنان لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی کەسایەتییە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان لە ئاست ئەم کردارە بەرپرسن و دەبێت سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و قورسایی هێزو بیری خۆیان لەم کاتە هەستیارەدا نیشان بدە ن، باڵاپۆشی نیشانەی مەرگی ژنانە لەو هەرێمە، دروشمی با پەچەکان فرێ دەین ئەمرۆ دەبێت ببێتە دروشمی سەرەکی سەر زاری ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هەرێمی کوردستان

بژی ئازادی یەکسانی ژن و پیاو

مەرگ و نەمان بۆ فەرهەنگی کۆنەپەرستی...

# گۆران عەبدوڵا: بەعس بە شوناسە سەرکوتکەرو دژە ئازادی و کۆنەپەرستیکەیەوە لە کوردستاندا ماوە. ئەوەتانێ لە دادگاکان، لە شەو هەڵ کوتانە سەرماڵان و تیرۆر و ڕفاندن و لە خوێن گەوزاندنی خۆپیشاندەران و دەیان بواری تردا بوونی هەیە...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز گۆران عەبدولا بەرپرسی ماڵپەڕی دەنگەکان سەبارەت بە ٣٠ هەمین ساڵیادی ڕاپەرین و بزوتنەوەی شوراییدا...

**بۆپێشەوە: دوای ٣٠ ساڵ لە وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە؟ حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا، بەڵێنی کردنی کوردستان بە بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڵێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟**

**گۆران عەبدوڵا:** پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، پێمخۆشە لەسەر دەستەواژەی (وەدەرنانی بەعس) سەرنجی خۆم بدەم. بەعس ئاژەڵێکی دڕندە نەبوو لە کوردستان وەدەربنرێت و خەیاڵی خۆمان ئاسوودە بکەین. بەعس فیکر بوو، خاوەنی سونەتی کۆمەڵایەتی و دەزگا و دامەزراوەی خۆی بوو لەکوردستان. ئێمە بێ بیرکردنەوە لەناوەڕۆکەکەی ئەم دەستەواژەیەمان وتەوە. ئەوە حزبی کوردی بوو هەوڵیدا ڕووی خۆی لە پەنای ئەم دەربڕینانەوە بشارێتەوە. بەعس بە شوناسە سەرکوتکەرو دژە ئازادی و کۆنەپەرستێکەیەوە لە کوردستاندا ماوە. ئەوەتانێ لە دادگاکان، لە شەو کوتانە سەرماڵان و تیرۆر و ڕفاندن و لە خوێن گەوزاندنی خۆپیشاندەران و دەیان بواری تردا بوونی هەیە. بزووتنەوەی سۆشیالیستی لەسەریەتی گرنگییەکی زیاتر بە زمان و دەربڕینە سیاسیێکانی خۆی بدات.

من نامەوێت قسە لەسەر هیچ جیاوازییەکی پۆزەتیڤی ئەو دوو دەورانە بکەم، چوونکە ناڕاستەوخۆ وەکوو بەخشندەیی دەسەڵاتداران دەکەوێتەوە، کەمن پێم وایە هەموو کۆمەڵگەیەک لەگەڵ چوونە پێشەوەی دۆخە جیهانییەکان، ئەویش کەموو زۆر ئاڵووگۆری بەسەردا دێت و دەستکەوتی خۆی بەدەستدەهێنێت لەو گۆڕانکارییانە، لەگەڵ ئەوشدا دەتوانم بڵێم بەعس وەک دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بێ پەردەو ڕوو بە ڕوو لە بەرانبەرت دەوەستا و هەوڵی سڕینەوەی دەدای، کەچی دەسەڵاتی کوردی کار لەسەر بێئیرادەکردنی تاکەکانی دەکات.

هەموو حزبێک لە دونیادا بەڵێن دەدات، بەڵێندان بەشێکی دانەبڕاوە لە کارو ئەجێندای حیزبی، بەجێگەیاندن و نەگەیاندنی ئەو بەڵێنانە پەیوەستە بە هۆشیاری خەڵک و شێوەی میکانیزمی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی دەخاڵەتی خەڵک لە سیستەم، بەڵام ئەمانەی پێیان دەڵێی (حیزبە بۆرژوازێکانی کوردستان) من پێموایە ئەمانە نە ئەمڕۆ و نە لە مێژووی کۆنیاندا مقەوماتی بنەماکانی حیزبیان تیا نەبووە. ئەمان هەر لەسەرەتای بوونیانەوە هەوڵیان داوە حیزب درووست نەبێت (دیارە حیزب بەمانا مۆدێرنەتەکەی) هەرواشیان کرد، بۆیە حیزبیان لە خێڵ کورتکردەوە و برەویان بە پەیوەندێکانی خێڵدا. ئەم تەرزە لە حیزبی خێڵ هەر ئەوەندە لە هەگبەکەیدا جێیدەبێتەوە کە تاکوو ئەمرۆ داویەتی یان نیشانی داوە.

**بۆپێشەوە: ئەزموونی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ٣٠ ساڵی دەسەڵاتدارێتیاندا، ئەزمونی سەرکوتی ئازادی و بێمافی و ڕۆژڕەشی و دەیان کوێرەوەری و مەرگەسات بوو، خەڵکی کوردستان دەبێ چ بکەن، بۆ ڕزگاربوونیان لەدەسەڵاتی کوردی؟**

**گۆران عەبدوڵا:** خەڵک بەم بارو دۆخەیەوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە هیچی پێناکرێت، چەندین ڕێگای تاقیکردەوە و ناکام مایەوە لە گۆڕانکاری. ئەم هیچ نەکردنە تەنها پەیوەست نییە بە خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی ڕەهەندێکی جیهانی هەیە. دە بیست ساڵی ڕابردوو ساڵی شکستی خۆپیشاندان و ڕاپەرینە جەماوەرێکان بووە لەسەرتاسەری دونیادا، هەر لە ئەوروپاوە بگرە تا ئاسیاو ئەفریقا و هەردوو ئەمریکا. بزووتنەوەکانی خەڵک لە نا ئامادەیی ڕێکخراوبوون یان فەوزای خولڤاندووە یان بە شکستخواردووانە گەراوەتە ماڵەوە. چوار دەیە زیاترە سەرمایەداری کار لەسەر بێ ئۆتۆریتەکردنی کاری ڕێکخراوەیی دەکات هەر لە تەحەزوبەوە تادەگاتە سەندیکاو شێوەکانی تری ڕێکخراوبوون. خەڵکی کوردستان دەبێت دەست بەرێت بۆ ڕێکخراوبونی خۆی لە ڕێکخراوە جەماوەرێکانی خۆیدا بە ئاسۆو ئەلتەرناتیڤێکی ڕۆشنەوە لەگەڵ دیاریکردنی چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتێکی تەواو مافیاییدا، هەروەها خۆ دوورخستنەوە لە هەموو ئەو ئەحزاب و کۆمەڵانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تا ئێستا سوودمەند بوونە لەم دەسەڵاتە.

**بۆپێشەوە: لەدڵی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، چەپ و کۆمۆنیستەکان بەکردەوە هاتنە مەیدان و بزوتنەوەی شوراییان وەرێخست، ئەمە چۆن بوو؟**

**گۆران عەبدوڵا:** هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی هەڵگری شێوەیەکە لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کە لەگەڵ ئاسۆو ئامانجەکانیدا کۆکە، دیارە ئەمە بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستیش هەر وایە. چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەلتەرناتیڤی شوراییان وەک بەدیلێکی گونجاو خستە پێش کۆمەڵگە وەک بنەمایەکی بنەڕەتی خۆ بەڕێوەبردن و گەڕانەوەی ئیرادە بۆ خەڵک بە شێوەیەکی گشتی، وە لەو بووارەشدا بە هەموو کەموو کوڕێکانیەوە هەوڵی شێلگیرانەی دا.

**بۆپێشەوە: ئەوانەی مێژوو دەگێڕنەوەو دەنووسن، بە دەگمەنیش باسی بزوتنەوەی شورایی ناکەن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**گۆران عەبدوڵا:** وەک وتراوە `مێژوو براوەکان دەینووسنەوە` ئێمە براوە نەبووین، بەڵام ڕۆژێک دەینووسینەوە.

**بۆپێشەوە: کاتێک بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەڕانەوە کوردستان، لێبوردنی گشتیان بۆ کرێگرتەکانی بەعس و سەرۆکی فەوجە خەفیفە و مەفرەزە خاسە و ئەمن و ئیستیخباراتە کوردەکان دەرکرد، بەڵام شەپۆلێکی ژن کوشتنیان دەستپێکرد، لە ژێر ناوی پەیوەندیان بە دەزگاکانی حکومەت و لە ژێر ناو و پاساوی ئەخلاقیدا، لەو بارەیەوە بۆچوونی ئێوە چییە؟**

**گۆران عەبدوڵا:** بزووتنەوەی کوردایەتی وەفادارترین بزووتنەوەیە بە مێژووی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی خۆی. ئەو لە گڕوگاڵی خۆیەوە هەروا کاری کردووەو دەیکات. ئەوە ئێمەین یان مێژووەکانیان ناخوێنینەوە یان خۆمان دەبان دەکەین لە مێژوو فیکری ئەوان. ئەوەی دوێنێ کردیان، ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن، سبەینێش بە زیادەوە هەر ئەمانە دەکەن کە کردویانە. ئەوە ئەوانن وەک خۆیانن، ئەوە ئێمەین هەمیشە بە کارەکانی ئەوان توشی تاسان دەبین. خۆ خەریککردن بە مێژووی ئەوان و چیرۆکە تەواو نەبووەکانی ئەوانەوە درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتیانە. وەک سەردەشت وتی: خاڵ دانێ و بڕۆ سەر دێر. ڕستەی نوێ ئەوەیە، وازیان لێبێنە ئەوان خەریکی چیین و چی دەڵێن، باشترە لەگەڵ خەڵک ئامرازەکانی لابردنیان تاوتوێ بکرێت.

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی شورایی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دیاردەیەکی نوێ و جێگای پێشوازی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بوو. هۆکانی ڕوهێنانی خەڵکی بەشمەینەت بۆ شوراکان چی بوو؟**

**گۆران عەبدوڵا:** من زۆر تەبا نیم لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێن خەڵک ڕووی لە شوراکان کرد و وێنەیەک بە نەوەی نوێ بدەین کە شوراکان ببوە جێگەی سەدان هەزار لەخەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. شورا چ وەک ناو چ وەک ڕێکخستن، بەتەواوی نوێبوو لای خەڵک، هەروەها ئەم تێڕوانینە لەگەڵ مێژووی سیاسی و ڕێکخستنی زاڵ لە کوردستان و عێراق نالۆجیکە و ناگونجێت. خەڵکی کورد بە شێوەیەکی گشتی ئاسۆو ئومێدی خۆی بە لوولەی چەکی پێشمەرگایەتییەوە گرێدابوو وە ئەزموونی ڕێکخستنی جەماوەری لەناو خەڵکدا زۆر زۆر لاواز بوو. بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبی بەعس بە پلان و بەرنامە دژی هەموو شێوە ڕێکخستنێکی خۆبەخۆی جەماوەری بوون، ئەوەی حیزبی شوعی وەک نیقابە و یەکێتێکان لە مێژووی سیاسی خۆی درووستی کردبوو لەلایەن ئەمانەوە بەر لێدان کەوت یان لە ناوەڕۆکە جەماوەری و شۆڕشگێڕێکەی بەتاڵ کرایەوە. خەڵک لە کوردستان بەقۆستنەوەی تێکشکانی سوپای عێراق لە کەنداو ئەمانیش دژی دیکتاتۆری هاتنە مەیدان، وە پێشی وابوو تفەنگەکانی شاخ ئازادی بۆ ئەو دەستەبەر دەکەن. سۆشیالیستەکان بە شێوەیەکی گشتی شورایان وەک هەڵبژاردەی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هەڵبژاردبوو، وە ئەم هەڵبژاردەیەشیان خستە پێش جەماوەرو لەگەڵ هەموو بێ ئەزمونێکانی خۆیدا لەو بارەوە ماندو نەناسانە کاریان بۆ کرد. ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕۆژێکی دیاریکراودا تووشی وەهمان نەکات لەوەی واقیعەکە وەک خۆی نەخوێنینەوە بۆ لێتێگەشتن و کارکردن. باسی شوراکان و زەمینەی کارەکەی و پەیوەندێکانی بە جەماوەرو جەماوەرێکەی باسێکی جدییە و نابێت ڕاگوزەرانە بەسەریدا بڕۆین. شورا وەک ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتی سیاسی لەدەرەوەی ئەزموونی ٩١ شایانی تاوتوێ کردنی زیاترە.

**بۆپێشەوە: دوای ٣٠ ساڵ لەدەسەڵاتی تاڵانچی و بنەماڵەیی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، لاتان وانییە کە پێویستە ئەو دەسەڵاتە ڕابماڵرێت؟**

**گۆران عەبدوڵا:** هەر ئەو قسەیەی سەرەوە دووبارە دەکەمەوە، سبەی نا، ئەمرۆش درەنگە.

بەعس وەك دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بێ پەردەو ڕوو بە ڕوو لە بەرانبەرت دەوەستا و هەوڵی سڕینەوەی دەدای، کەچی دەسەڵاتی کوردی کار لەسەر بێئیرادەکردنی تاکەکانی دەکات....

## دریژەی... دۆی هەناران

- "بۆچی"

- "ئێ دوێنێ ئەو ناماقوڵیەت نەکرد؟"

- "با کردم"

- "دەی ناردوویانم بۆلات، برۆ پەیایکە، من نازانم ئەو گەنوگووە لەکوێ هەیە"

- "ئێ باشە توورە مەبە ئەچم"

چوومە سەرچنار، باش لەبیرمە بتلێک عارەقی نەخلەم کڕی و پێچامەوە، بردم بۆ کوڕە مام، دامە دەستی و گوتم:

- "پێیانبڵێ کەمی بەنێ، با نەشلێن ئەمە عارەقە بلێن (دۆی هەناران)ە"

ئیدی لەرێی کوڕە مامەوە هەواڵی مام ڕەمەزانم دەزانی، جاری یەکەم وتی کە حاڵی باشبووە، خەویشی لێئەکەوێ، بەڵام جاری دوەم گوتی:

- "قەوماوە، نازانم کێ پێیوتوە کە دۆ نەبوە، ئێستا ترساوە و دەم بۆ هیچ نابا، بەخوا بیستوومە بە توێکڵەوە سێویان خستووەتە بەردەستی وتوێتی لایبەن نایخۆم، بۆ نازانم بە سرنج عارەقتان تێکردوە"

بەڵام سێهەمین جار، پێویستی نەکرد بچم بۆ لای کوڕەمام بۆ هەواڵی مام ڕەمەزان، چونکە خۆی بە هەڵەداوان هات و پێیگوتم:

- "مام ڕەمەزان مرد"

لە یەکەم ڕۆژی پرسەکەدا، بە کەسوکاریم گوت:

- "ئەوە منم، ئەگەر بە تاوانبارم ئەزانن ئەوەتام لەبەر دەستانا، بەڵام باوەڕکەن نیەتم باش بوو"

- "تۆ برای خۆشەویستی ئێمەی، مردن لە ڕێی هەموومانە، ئێمە هیچمان لە دڵا نیە"

کوڕە مامیش بە دزی منەوە، چوبوو بۆ لای مەلایەک، تا بزانێ ئەوەی من کردوومە، قەتڵە یان نە، مەلاکەش لە وەڵامدا گوتبووی:

- "وەکو قەتڵ، قەتڵ نیە... بەس یاخوا ماڵی ئەو ئامۆزایەت کاولبێ بۆ ئەو گوەی هاتوە بە دەمیا، باشە لەجیاتی عارەق، قوزەڵقورتێکی تر نەبوو بێتە سەر دەمی"

## دریژەی ...هەڵبجەیی لەڤیگەری تورەییەکانی ژەنەراڵی پایزدا

لەشارەکەمان، واتە ئەوە حەسەن هەڵەبجەیی خۆیەتی تورەیە، تورەیە لە دارو بەردی نیشتمان لە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی حومکڕانانی شارو وڵات، لەو مەردوومە دوو ڕوانەی خۆیان کردبوە هاوڕێی ژەنەڕڵی پایز، لەکاتێکا گەر تەنها لەوشەی هاوڕێ بگەشتنایە دەیانزانی ئەوە ئەمان نین هاوڕێ ژەنەڕاڵی پایز بن، بەڵکو دەمامکیان بەستوەو بەنوسینی دوا نامەکەی لەرێگای زمانی شعری حەسەن هەڵەبجەیی هاوڕێیەوە، ماسکەکانان کەوتە خوار و ئابڕویان پێوە نەما ..

**جەمال نوری**

### بۆ جەنەراڵی پایز
### کاکە حەمە عومەر عوسمان

### (کۆمەڵگای عار)
### شیعری حەسەن هەڵەبجەیی

لەگەڵ ئەو کۆڕو کۆمەڵگا هەرگیز
نایەمە کۆڕو یاد کردنەوەی تۆ
ناچاریان کردی کە خۆت بکوژیت و
هێند ڕوتکاون یادتەکەن ئەمڕۆ

***

هێندەی تورەییت لە گشتیان تورەم
نەفرەت لەیەک یەک قەڵەمەکانیان
مردو پەرستان قەلەڕەشی خەم
هۆی مەرگی تۆبون دژبون بە ژیان

***

کامیان لە ژیندا دواجار هاوڕێت بون
بۆ چ بێ ئاگابون لەژینی سەختت
بۆ تفیان نەکرد لەروی گەورەی شار
نەیان وت نەفرەت لە تاج و تەختت

***

هێندەی سەگێکی بەرپرسێکی سەگ
موچەی ژیانیان نەبەخشی بەتۆ
کەچی ئەوەندە سوک و بێ ئابرون
دێن یادت ئەکەن ڕێزت ئەگرن ئەمڕۆ

***

هەر تەنها بەندە باش باش ئەزانێت
تۆچەن زویر بویت لەم کۆمەڵگەیە
لەم دەسەڵاتەی وەک دێوەزمەیەو
بوەتە مایەی عار بۆ ئەم دونیایە

***

ئەوەندەی خودا لە شەیتان زیز بو
حەمە عومەریش زیزبو لە ئێوە
لە یەکە یەکەی بەرپرسی وڵات
لەوەی کۆڕی مەرگ ئەبات بەڕێوە

***

ئەوهات دوا ڕۆژ و دوا تورە بونی
پێ وتن گشتان سۆزانی وەفان
ئەم دوا نامەیە دوا نامەی ئەوە
خۆی هات پێ وتم کەئێوە وەهان

**شیعری (حەسەن هەڵەبجەیی)**

## دریژەی دوا وتە

مەلای بەلاشخۆر و دەیان ناو و دەزگای ئیسلامیەوە ئەنجامی دەدەن.

هەر ئەو دەسەڵاتە سەلەفیەکان و تەریقەتەکانی، لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، لە موڵکی گشتی زەویان بەسەردا تەخشان و پەخشان دەکات، کە شێخ نەهرۆ کەسنەزانی دوا نموونەیانە... وە دەرگایان بۆ رەوتە ئیسلامیەکان خستۆتە سەر پشت، تا لەڕێگای فریوکاری و بەخشینەوەی پارەو ئیمتیازاتەوە، بەهرەبەرداری لە هەژاری و نەداری خەڵکی بکەن و ژنان و کچانی خوار تەمەنی یاسایی حجاب پۆش بکەن و ناوی بنێن لەسەر نانی تاجی زێرین و باڵاپۆشی ئازاد!!

ئەم هەڵمەتە بۆسەر ژنان و مافەکانیان، لەلایەن رەوتە ئیسلامیەکانەوە، ئەگەر لەلایەکەوە تەواو کەری پرۆژەی دواکەوتووانەی دەسەڵاتی سیاسیی و حزبۆکراتی بزوتنەوەی کوردایەتییە... لەلایەکی تریشەوە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی و رەوتە سیاسیەکانیانە، لەدۆخی ئەزمەگرتووی دەسەڵاتدا بۆ جێخستنی پرۆژە تایبەتیەکانی خۆیان، بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی تا مل بەخواستەکانیان بدات و لە خێرو بیری بەتاڵانبراوی کوردستان هاوبەشیان بکات و لە دەسەڵاتی وەبەر نەفرەتکەوتووی جەماوەریدا، جێگای زۆرتریان بۆ بەفەرمی بناسێت.

گێرانەوەی کۆمەڵگە بەرەو دواوەو لیخنکردنی کەشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بەرتەسک کردنەوەی کەشی نیمچەکراوەی کوردستان و پەراوێزەکانی ئازادی و ئازادییەکان، قوربانیانی یەکەمی ژنانن و گوشارەکانیشی بۆسەر بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئەو دەنگ و رەوتە ئازادیخوازو یەکسانیخوازانەیە کە خوازیاری .یەکسانی ژن و پیاوان و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و یاساکان و خوێندن و پەروەردەیە... لەهەلومەرجی ئێستادا ئەم گوشارانەی دەسەڵات و رەوتە ئیسلامیەکان تەواوکەری ئەو هیرشە بەرینەیە بۆ سەر ئازادی و ئازادییەکان و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نارازییەکان لەدژی دەسەڵات.

هەشتی مارسی ئەمساڵ، لە جەرگەی بەریبوونەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی سیاسیدا، بەرێوەدەچیت، بۆیە هەموو جموجۆڵ و چالاکیەکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا، راستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بە بە رەوتی روو لەهەڵکشانی خواست و بزوتنەوەی ڕامالینی دەسەڵاتدا. بەشداری بەرجەستەی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دەورەیەکی کوردستاندا، یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانەیە کە سیماو روخساری پیشکەوتنخوازانەی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی نیشاندا... هەشتی مارسیش وەکو رەمزێکی "نا" وتنی ژنان بە سوکایەتی و توندوتیژی و نابەرابەری و زوڵم و بێمافیەکانیان، راستەوخۆ رووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی حزبۆکراتی میلیشایی و رەوتە ئیسلامیەکان... لەو چوارچیوەیەشدا وەستانەوە بەرووی ماشینی بەرینی دەسەڵاتی سیاسی بۆسەر مافە فەردی و مەدەنیەکانی کۆمەڵگە و ژنان بەتایبەتی، لە ڕیگای دەمەزەردکردنەوەی یاسا دژە ژنەکان، جوڵەپیکردنی زۆرتری مەلاکان و سەلەفیەکان، هەڵخراندنی وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەکانی فتوا، و فتوا یەک لەدوای یەکەکانیان لەسەر وردو درشتی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان، و مافە فەردیەکانی ژنان، هاوکات وەستانەوە بەرووی رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکان، کە لەرێگای بەهرەبەرداری لە هەژاری و نەداری و ئەزمەی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەیانەوێت لەڕێگای بەخشینەوەی ئیمتیازات و پارەو فریوکارییەوە نمایشی حجابکردنی ژنان، وەریبخەن و بەزۆر هێنان بۆ دەسەڵاتیش داخوازییە کۆنەپەستانەی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا دابسەپێنن. لەوەش زیاتر ئیسلامیەکان دەیانەوێت ئامادەیی خۆیان نیشان بدەنەوە و کەڵک لە تورەیی جەماوەری وەربگرن و بەسودی خۆیان... بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتانە، هەم ڕووبەڕوو لەگەڵ دەسەڵات حزبۆکراتی میلیشییایی کۆنەپەرستی دژە ژن و هەم ڕووبەڕووە لەگەڵ رەوت گەلی ئیسلامی سیاسی کۆنەپەرست و بەگرێگیراو.

لە هەشتی مارسدا، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لەنێو هێرشی ئەم دەورەیەی دەسەڵات و ئیسلامی سیاسییدا، ڕوبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرست و ئیسلام سیاسی و پرۆژە داوکەوتوو دیلهێنەرەکانی ژنان و مافەکانیان.

**سەرەتایی ئازاری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن،ئاراس رەشید،ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود،هەژیر نینا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، مستەفا باهیر، ئەحمەد جوانکار،خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، جەمال نوری، عەبدالرحمن رەسوڵ، هەتاو عەبدوڵاهی، سەردار عەبدوڵا
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"٣٠ هەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و شوراکان"

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# پەیامی ٨ مارسی ئەم ساڵ هەڵگری چ پەیامێکە؟

## عەبدوڵا مەحمود

هەشتی مارس، ڕۆژ و رەمزی ناوتنە، بە ئاپارتایدی جنسی... ڕۆژ و سیمبولی نارەزایەتی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنانە بە هەڵاواردن و بێمافی، بەستەم و نابەرابەری، بەدەسەڵات و هاوکات بەیاساو نەریتی پاریزەری سەرمایەو سەرمایەداری...

هەشت مارسی ئەمساڵ لە دۆخێیکدا بەڕێوەدەچێت، کە لێکەوتەکانی ئەزمەی ئابوری سەرمایەداری و کۆڕۆنا ڤایرۆس، لە ئاستی جیهانیدا چینی کرێکاری رووبەڕووی هەلومەرجێکی یەکجار سەخت کردەوە. بەدەیان ملیۆن کرێکار بێکار کران و بە ئۆردوی بێشوماری بێکارانەوە پەیوەست بوون. رادەی هەژاری و برسێتی بەشێوەی سەرسورهێنەر بەرینتر بۆوەو بەرەو هەڵکشان چوو. لەناو ئەم واقعیەتە تاڵەدا، ژنان قوربانیانی ریزی پێشەوەو بەرجەستەی ئەو دۆخەبوون. شاڵاوی بێکارکردن و کابوسی بەرینبوونەوەی برسێتی و هەژاری، قورسایەکەی بە پلەی یەکەم ژنانی کردە نیشانە، لەوەش واوەتر ئاستی توندوتیژی لەدژی ژنان بە تایبەتی لەخێزاندا، بەبەراورد بە پێش کۆڕۆنا ڤایرۆس زۆر زیادی کرد. بەڵام ئەگەر ئەمە واقعیەتی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بەتایبەتیش ژنان بێت، لە ئاستی دنیا و وڵاتانی پێشکەوتودا، ئەوا دۆخی ژنان لە وڵاتانی دواکەوتوو و ئیستبدادی و کۆنەپەرستەکان و ژێر سایەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی میلیشیاییدا، زۆر خراپتر و ویژدان هەژێنە.



با چاوێک لە کوردستان بکەن، کەرەنتینەکردنی کۆمەڵگە، بی بەرپرسیاریەتی نیشاندان و قەرەبووکردنەوە. بێ موچەیی، گرانی بازاڕ، دزی و تالانی ئاشکرا، وێرانی کەرتەکانی خوێندن و تەندروستی، نەبوونی هیچ جۆرە بیمەیەک و داروخانی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان...تاد، زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ڕوبەڕووی واقعیەتیکی یەکجار سەخت و تاڵ کردۆتەوە، لەناو ئەو واقعیە تاڵەدا، ژنان قوربانی یەکەمن و قورسایی مەرگەساتی ئەم هەلومەرجەیان کەوتۆتە سەرشان. لێکترازانی خێزانەکان، زۆربوونی باندەکانی لەشفرۆشی، زیادبوونی تاوانەکان، خۆکوژی، زیندبوونەوەی نەریتی ماوە بەسەرچوو...تاد، ریشەیان لەم هەلومەرجە سەختە ئابورییەدایە. بەڵام ئەمە هێشتا تەنها لایەنێکی سەخت و دیوەزمەیەکی سەر ژنانە، لایەنێکی تر کە بەشێوەی سیستماتیک هێرش دەکاتە سەر ژنان و مافەکانیان، هێرشی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتە بۆ سەرکۆمەڵگەو ژنان بەتایبەتی... خێڵی مەلای بەلاشخۆر، وەزارەتی ئەوقاف، لیژنەی فتوا، یەکێتی زانایانی!! ئیسلامی، هیچ گۆشەو لایەنێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵگە نەماوە دەمی تێوە نەژەنن. زوربەی مافە فەردی و و شەخسی و مەدەنی ژنان، کەوتۆتە بەردەم هێرشی پەیتا پەیتا و بەردەوامەکانیان. فتواکان بۆسەر ژنان و مافەکانیان، لە سواری تەکسی بوونەوە بۆ مناڵ بوون، تا دەگاتە حەرام و حەڵاڵ بەخشینەوە، کە دواترینیان تاتۆ و خۆ کوتانە... ئەو هێرشە ئاشکرایانەن کە دەسەڵات خۆی لە ڕێگای

بۆ لاپەڕە 13

# سیاسەت و دیکتاتورەکان/ خالید بایەزیدی(دلیر) کەنەدا

## پێشکەش بەروژنامەنوسان و رۆشنبیرانی بە دیلگیراوی بادینان



دیکتاتورەکان!

مردوەکانی

زورترلە زیندوەکان

خوش ئەوێ...

چون مردوکان

لەوپەری بیدەنگی دان

بەلام زیندوکان

لەوپەڕی شورش و

مانگرتن؟؟!!

2-

وشەی سە رەکی

خوشەویستی دیکتاتورەکان

وشەی بیدەنگی یە

توانایان نییە...

ئەگینا ناوی هەرمناڵێکیان

ناو ئەنا:

بێ دەنگ؟؟!!

3-

خەم پە ژارەی سە رەکی

دیکتاتورەکان

تەنیا کورتی تەمەنە

لەسەر کورسی دەسەلات

4-

دیکتاتورەکان!

میدال ئەخەنە گەردنی

گورانی بیژیک

کە تەنیا

بیدەنگی بخوێنی؟؟!!

5-

کولە پشتی سیاسەتی

دیکتاتورەکان

هەمیشە!

لە شاریک دادەنریت...

کە هیچ خەلکیکی

تیا نامینیت؟؟!!

6-

دیکتاتور و زەروو

هەمیشە لەیە ک ئەچن

هەردوک خوین مژ

هەردوک تینوویتی یان

بە خوین ئەشکینن؟؟!!

7-

دیکتاتورەکان!

تەنیا خەڵکی

کۆمەڵگەکەیان

بەبێدەنگی ئەوی؟؟!!

8-

دیکتاتورەکان!

تەنیا ماسی گرێکن

کە فەقەت...

لە ئاوی قووراو

ماسی ئەگرن؟؟!!

9-

دیکتاتورەکان!

تە نیا شاعیرو

نووسەرانیک ئەکوژن

کە لە کتیبەکانیان دا

بی دە نگی تێک ئەشکینن

وە تۆوی خوشەویستی

وئەوین

لە کیلگەی دلی ئینسانەکان

دا ئەچینن؟؟!!

10-

دیکتاتور وشەمشەمە

کوێرە

لە یەک ئەچن

هە ردوک تیدەکووشن

هیچ کات...

شەو وکازیوەی بەری

بەیان

بەیەک نە گەن

بەلام بی خەبەرلەوەی کە

کازیوە بەسەرتاریکی دا

زال ئەبێ و

روناکی بەسەر گشت جیهان

دا

دەست دادەگری




